# دید و بۆچوونی پیتر لێرخ سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمان و مێژووی کورد لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا

مەنسوور سدقی



## پوختە

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، لە ئەکادیمیای زانستی ئیمپراتۆریای ڕووسیا، کۆڵینەوە لە مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان و وێژەی گەلی کورد گرنگی تایبەتی پێ دراوە. لە سایەی کۆڵینەوەکانی کوردناسان و ئێرانیناسانی وەک "ف. شارموو"، "ئا. ڤیلیامینۆڤ-زیرنۆڤ"، "ئا. ژابا"، "ف. یووستی"، "ئا. ساتسین" و "پیۆتێر لێرخ"، کوردناسیی وەک بەشێک لە مەیدانی ئێرانیناسیی سەدەی ١٩، جێگەی بۆ کراوەتەوە و پەرەسەندنی سەربەخۆیانەی دەست پێ کردووە.

"پیۆتێر" یان "پیتەر ئیڤانۆڤیچ لێرخ" وەک ئەندامێکی ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریای ڕووسیا لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩دا، سەرنج دەخاتە سەر زمانی کورد و مێژووەکەی و سێ ساڵ کاتی ئازادی خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەتی هەمەلایەنە و پەیوەست بەم بوارە تەرخان دەکات. بەشێکی ئەم توێژینەوەیە بە بڕیاری ئەکادیمیا وەک بەرگی یەکەم بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانیە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان" لە ساڵی ١٨٥٦دا بڵاو بووەتەوە. هەر لەم ساڵەدا بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەکادیمیا، "پیۆتێر لێرخ" سەردانی شاری "ڕۆسلاڤڵ" دەکات تاکوو لە نزیکەوە بە هاموشۆ دەگەڵ ژمارەیەک کورد کە لەوێندەری ڕاگیرابوون و لە شەڕی ڕووسیا و عوسمانیدا لە ناوچەی کافکاز بەدیلی گیرابوون، توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی بکات. لە ئاکامدا، "لێرخ" کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ دەکاتەوە و دوو بەرگی دواتری توێژینەوەکانی تەنیا بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکات و ئەکادیمیا لە ساڵی ١٨٥٧و ١٨٥٨، هەر بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان" چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. "لێرخ" هاوکات هەر سێ بەرگەکە (٤٥٠ لاپەڕە) لە دوو بەرگدا (٣٨٠ لاپەڕە) کۆ دەکاتەوە و بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردەکان و کلدانییە ئێرانییەکان" بە زمانی ئەڵمانی وەردەگێڕێت و ئەکادیمیای ڕووسیا لە ساڵی ١٨٥٨ هەر دووکیانی چاپ و بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دیاریی نەکردووە بۆ چی وازی لە "ئێرانیبوونی کوردەکان و هاوڕەچەڵەکییان دەگەڵ کلدانییەکان" هێنابێت.

## پێشەکی

نووسەری ئەم وتارەی بەر دەستتان، سێ بەرگە ڕووسییەکەی لێرخی بە بەراورد و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ دوو بەرگە ئەڵمانییەکە، کردووە بە کوردیی نێوەندی و هەندێک زیادکراوی دەقە ئەڵمانییەکەشی وەک پاشکۆ لەم وەرگێڕانەدا گونجاندووە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە؛ بۆیە مەبەستی ئەم وتارە ناساندنی نێوەرۆکی ئەم بەرهەمانەی پیۆتێر لێرخە کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کتێبەکە بەسەریەکەوە چاپ و بڵاو بێتەوە.

لەم وەتارەدا هەوڵم داوە تیشک بخەمە سەر کتێبەکە و نووسەرەکەی و دید و بۆچوونە گرنگەکانی سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و زمان و مێژووی کورد لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا.

بەگوێرەی بەدواداچوونەکانم بێت، تاکوو ئێستا ئەم کۆبەرهەمەی "پیۆتێر لێرخ"، چ لە زمانی ڕووسییەوە و چ لە زمانی ئەڵمانییەوە بەتەواوی وەرنەگێڕراوەتە سەر هیچ زمانێکی دیکە بێجگە لە بەرگی یەکەم کە گوایە کراوە بە عەرەبی. سەبارەت بە کارەکانی لێرخ هەندێک کاری زانستییانە تەنیا بۆ بەشی زاراوەی زازاکی کتێبەکانی لێرخ کراون کە بریتین لە:

ماستەرنامەی "مەهمەت ئەسلان ئۆغلووڵاری" لە ساڵی ۲۰۱۴ لە "ئینستیتووتی زمانە زیندووەکان"ی سەر بە زانکۆی "بینگۆل" لە تورکیا بە زمانی تورکی بەناوی "وەرگێڕانی کۆکراوەکانی زازاکیی لێرخ و شیکاری وشەکان بەپێی جۆرەکانیان" [1] لە ۱۶۴ لاپەڕەدا؛ وتارێکی "ئایدن وەیسی" بە زاراوەی کورمانجی بەناوی "کوردیزانی و پیۆتێر لێرخ-۱"، ۶ لاپەڕە؛ وتارێکی "سەیدخان کووریژ" بە زاراوەی کورمانجی بەناوی "بەرهەمی پیتر لێرخ لە بواری کوردۆلۆژیدا" [2] کە لە ژمارەی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۴ی گۆڤاری "نووبەهار ئاکادیمی NÛBIHAR AKADEMI" لە لاپەڕەکانی ۹۳-۱۰۸ بلاو بووەتەوە (بە تورکی و زاراوەی زازاکییش بلاو بووەتەوە). ئامانجی ماستەرنامەکە و هەر دوو وتارەکان تیشکخستن و شیکاری تەنیا پەیڤ و دەقە زازاکییەکانی کتێبەکانی لێرخ بووە و تا ڕادەیەک ئەو دەق و پەیڤانەیان بە ئەلفبێی لاتینیی هەنووکەیی ساغ کردووەتەوە.

## کارەکانی لێرخ سەبارەت بە کورد

بێجگە لە سێ بەرگە ڕووسییەکەی بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان" و دوو بەرگە ئەڵمانییەکە بە ناوی "کۆڵینەوە لە کوردان و کلدانییە ئێرانییەکان" [3]، "پیۆتێر لێرخ" ئەم بەرهەمانەشی نووسیون:

"بە خامەی لێرخ لە دوو وتاردا باس لە چەند دەقی وێژەی کوردی کراوە کە بریتین لە: پێداچوونەوە بە بۆچوونی "ئا. ژابا" سەبارەت بە وێژەی کورد و هۆزەکانی کورد"؛ پێداچوونەوە بە پوختەی "ئا. ژابا" سەبارەت بە هەڵبەستە کوردییەکەی ئەحمەدی خانی"؛ پێداچوونەوەی بە فەرهەنگەکانی کوردی-فرانسایی و فرانسایی- کوردی (کە لەنێو دۆسیەی دەستنووسە کوردییەکانی "ژابا"دا، پارێزراون)؛ دوایین بەرهەمی لێرخ سەبارەت بە زمانی کوردی (دەستنووسێکی ۴۲ لاپەڕەیی مەزنە و چاپ نەکراوە)، ئاستێکی بەرزی زانستیی هەیە. مەبەست کۆڵینەوەیەکی ناتەواوی

"لێرخ"ـــــە سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی کە ڕەشنووســــەکەی (بە زمانی ئەڵمانی) لە کتێبخانەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناســـی ئەکادیمیـــای زانســـتی و کتێبخانـــەی ڕۆژهەڵاتیـــی زانکـــۆی لێنینگـــراد پارێـــزراوە. لێرخ مەبەســـتی بـــووە ئەو بەرهەمـــەی بـــۆ توێژینەوەیەکی مەزن ســـەبارەت بە ڕێزمـــان و "فۆنۆتیک"ی زمانـــی کـــوردەکان تەرخـــان بکات" {بەڵام مـــەرگ مەودای پـــێ نەداوە}" (قەناتێ کـــوردۆ، ١٩٥٩: ٤٦).

پیۆتێـــر لێرخ کتێبێکی دیکەیشـــی هەبـــووە بـــە نـــاوی "گەشـــتێکی شوێنەوارناســـی بۆ ناوچەی تورکســـتان لـــە ســـاڵی ١٨٦٧". س. پیتربـــورگ. ١٨٧٠".

## سەبارەت بە کتێبی:

## 'کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاورەچەڵەکەکانیان'

### بەرگی یەکەم

لێرخ لـــە لاپەڕەکانی ١-٦ی ئەم بەرگەدا بەگوێرەی نووســـراوەکانی گەشـــتیارانی ڕۆژاوایی هەوڵـــی داوە "پێداچوونەوەیەک بـــە ســـەرچاوەکانی مێـــژووی کورد و کۆڵینەوەیەک لە یاســـاکانی هۆزایەتیی کورد و مێژووی کلدانییە باکوورییەکان" بکات. بـــەڵام وەک لـــە بابەتەکانی ئەو کتێبـــەوە دەردەکەوێـــت، لێـــرخ لەم ســـێ پرســـە، تەنیا توێژینەوەی بۆ دوو پرس کـــردووە و ســـەبارەت بە مێژووی کلدانییـــە باکوورییـــەکان کـــە پێی وا بووە ڕەچەڵەکـــی کوردانی هەنووکەیین، بەدواداچوونـــی نەکردووە.

### بەرگی یەکەم ١٣٦ لاپەڕەیە و بریتییە لەم بەشانە:

پێشەکی، ســـەرەتا، خشتەی کتێب و وتار ســـەبارەت بە ژیـــان و ژینی کورد، شـــێوازی ژیانی هۆزەکانی کورد، زمانی کوردی لە دونیای زانســـتیدا، ئاســـەوارە نووســـراوەکانی زمانی کـــوردی، دۆخی ئایینیـــی هـــۆزە کـــوردە ئێزدییەکان، وردبوونـــەوە لـــە ژمـــارەی هۆزەکانی کـــورد (کوردانـــی تورکیـــا [٤]، کوردانی ژێر دەســـەڵاتی ڕووســـیا، کوردانی ژێر دەســـەڵاتی پارس).

لە پێشـــەکیدا لێرخ دەڵێت: "کاتێک ئەکادیمیـــای زانســـتیی ئیمپراتۆریـــا ئەرکـــی چاپکـــردن و بڵاوکردنـــەوەی بەرگی یەکەمی لە ئەســـتۆ گـــرت، ئیتر ئەوەنـــدەی دیکە دڵگەرم بـــووم تا بڕیاری خۆم بـــۆ کۆڵینـــەوە لە زمـــان، ژیان و مێژووی کـــورد جێبەجێ بکـــەم (لێرخ، ١٨٥٦: V)". دواتـــر بە ئامـــاژە بە گرنگی کۆڵینەوە لـــە هۆزەکانی کـــورد دەڵێت ئەگەرچی دەســـتم بە زنجیرە چاپەمەنییە بەردەوامەکانی Missionary Herald و Bibliotheca Sacraی[٥] ئەمریـــکا نەکەوتـــووە، بـــەڵام لـــەم بـــوارەدا شـــەرەفنامە باشـــترین ســـەرچاوەیە

(هەمان سەرچاوە).

لە بەشی سەرەتادا لێرخ بەم بۆچوونەی "ئێرنست ئێدوارد کوونیک "Ernst Eduard Kunik"، مێژوونووسی ئەڵمانی-ڕووسی دەست پێ دەکات: "بابەتی هۆزە کوردە ئێرانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە گەلێک سەرنجڕاکێشە و تەنانەت تا ڕادەیەکیش دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژووی ئاشوور و بابل و ئاسیای بچووکیش"؛ و لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێت: "پەیدابوونی باسێکی زانستی کە ئەو بۆچوونەی سەرەوەی لێ کەوتووەتەوە، هانی دام خۆم خەریکی کۆڵینەوە لە مێژووی کورد بکەم".

لێرخ لێرەدا دوای ئاماژە بە "دەوری باڵای کلدانییە باکوورییەکانی هاوڕەچەڵەکی کورد لە فەرمانڕەواییەکانی ئاشووریا و بابلدا"، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: "لەم سەردەمەشدا کاتێک دۆخەکە بریتییە لە ڕاسان و بەرخۆدانی هۆزە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی نوێ و ئاستەبەرزتردا، پێویستە ئەم دەورە دیسان سەر هەڵبداتەوە" (لێرخ، ١٨٥٦: ٢).

لە بەشی خشتەی کتێب و وتار سەبارەت بە ژیان کوردەواری، لێرخ دەڵێت پێویستە تیشک بخرێتە سەر مێژوو و ئیتنۆگرافیای کوردەکان و بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٥ لاپەڕەدا، ناونیشانی پتر لە ١٢٠ کتێب و وتارە بڵاوکراوەکانی ڕیز کردووە کە لە ماوەی پتر لە ٢٥٠ ساڵدا، واتە لە ١٥٨٢ تاکوو ١٨٥٥دا، بە زمانەکانی لاتینی، ئەڵمانی، فرانسایی، ئینگلیزی، ئیتاڵیایی و ڕووسی بە شێوەیەک لە شێوەکان جەختیان لە ژیان و ئایینی هۆزەکانی کورد کردووەتەوە و زانیاریان سەبارەت بە مێژووی توێژینەوەکان لەسەر زمانی کوردی تۆمار کردووە.

لەم بەشەدا لێرخ بەتایبەت باسی گرنگیی شەرەفنامە دەکات و پێی وایە دەبێت وتاری تایبەتی لەسەر بنوسرێت و لەسەر بنەمای کۆڵینەوە لەو سەرچاوانەی ئاماژەی پێ کردوون، بەو ئاکامە گەیشتووە کە توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە کورد، وێنەیەکی تەواویان لە کوردەکان پێشکەش نەکردووە و دەڵێت: "هیچکام لەو گەڕیدانەی کە سەردانی کوردەکانیان کردووە، کۆڵینەوەیان لە دابونەریتی هەنووکەیی کوردەکان نەکردووە؛ بۆیە سەرەڕای کۆمەڵێک نووسراوە سەبارەت بەو گەلە، هێشتا بەرهەمێک نابینین کە توێژینەوەیەکی تۆکمە سەبارەت بە ژیان و ژینی ئەم گەلەی پێشکەش کردبێت (لێرخ، ١٨٥٦: ٥-٢٠).

لە بەشی شێوازی ژیانی هۆزەکانی کورددا، لێرخ لە لاپەڕەکانی ٢١ و دواتردا جەختی لەوە کردووەتەوە کە

زۆر کەم سەبارەت بە کورد نووسراوە و زانیارییەکانی ئەو کتێبانەی تا ئەو کاتی بە زمانی رووسی نووسراون، گەلێک سەرەتایی و رواڵەتین. بۆیە پێی وابووە کە: "لە دەستپێکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پێویستە باسی تایبەتمەندییە گشتییەکانی شێوازی ژیانی هەنووکەیی کورد بکەم" ".

پاشان دەڵێت: "کورد هەر لە سەردەمانی کۆنەوە دانیشتووی خۆجێیی کوێستانەکان بووە" (هەمان سەرچاوە). ئینجا ئاماژە بە کتێبی "ئاناباسیس" دەکات و دەڵێت: "کەزنەفۆن"ی یۆنانی نووسەری ئەم کتێبە "لە کوێستانەکانی نێوان ئەرمەنستان و میزۆپۆتامیا تووشی کورد بووە". دیارە لێرخ لە پەراوێزدا روونی کردووەتەوە کە "کسەنەفۆن" بۆ کورد، واتای "کاردۆخ"ی بەکار هێناوە و دەڵێت: "دواتر نووسەرانی یۆنانی بە "گورد" و رۆمەکان بە "Cordueni" یان بە "Gordyaei" و ولاتەکەیانیان بە "Carduchi Montes، Godaei montes" یان "Godiaei montes" ناو بردووە". لێرخ لێرەدا لە پەراوێز، ئاماژە بە کتێبی "فرانسیس چیسنی"[۶] گەشتیاری ئینگلیزی دەکات کە گوتوویەتی:

"ولاتی ژیانی "کاردۆخەکان" بریتی بووە لە ناوچە هەنووکەییەکانی کرماشان و ئەردەڵان لە پارس و ناوچەکانی مووش، بتلیس، "تییاری"، هەکاری و "بەراوی" لە تورکیا... کوردەکان لە ماوەی سەدان ساڵدا وردەوردە بەسەر رووبەری زۆربەی ئاسیای بچووکدا بلاو بوونەتەوە".

هاوکات لێرخ جەختی لەوە کردووەتەوە کە کورد لە باکوور، لە رێژاڤی سەرووی رووباری فورات (واتە لە رووباری موراد)ەوە بگرە تاکوو رووباری ئاراس، و لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رووسیاش، لە میرنشینی "یەریڤان" و "قەرەباخ"؛ لە رۆژاوا تاکوو "ئەنگوور" [۷] (هەڵکەوتوو لە باشووری رۆژهەلاتی گۆلی سویری مەزن) دا دەژین. تەنانەت دەڵێت: "چەند ساڵ پێش، هێزە چەکدارەکانیان گەیشتوونەتە نزیک کۆنستانتینۆپۆل و لە رۆژهەلاتیش، کوردەکان لە گۆلی ورمێیەوە بگرە تا کەنداوی پارس بلاون، هەروەها لە خۆراسانیش دەژین"

لێرخ لە درێژی باسەکەیدا بەگوێرەی لێکگرێدانی زانیارییەکانی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان، باسێکی هەمەلایەنە و فرە سەرنجراکێشی تۆمار کردووە سەبارەت دەوری سیاسی، شێوازی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سەربازی و سەرهەلدان و بەرخودانی کورد بەرانبەر بە نەیارانی، سەبارەت بە وێژە و هونەر و فۆلکلۆر و زمانی

سەربەخۆی کوردی، داب و نەریت و جلوبەرگ و سیما و ڕوخساری کورد، دەوری ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا، تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کوردی؛ هاوکات بەرپەرچی بۆچوونە "چەوتەکانی" لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی سەبارەت بە کورد و زمانی کوردی داوەتەوە. بەڵام بە نەرێنی باسی پاکوخاوێنیی کورد دەکات و دەڵێت: "... تەنانەت لە شاری سلێمانییش بێجگە لە کۆشکی پاشا، تووشی وەرزێرانی چڵکن و پیس دەبیتەوە". سەبارەت بە خانووی کوردەکان دەڵێت خانووەکانیان بۆ بەرگری، پەرژینێک بە دەوری بانەکانیاندا کێشراوە و هەندێکیان بورجیشی هەیە و گوایە "کسەنەفۆن"یش ئاماژەی پێ کردووە. بەڵام بەپێچەوانەی شارەکان، لە گوندەکان چاوت بە منارە و مزگەوت ناکەوێت.

## سەبارەت بە ئابووریی کورد لێرخ لە لاپەڕەی ۲۴دا، دەڵێت:

"کوردەکان وەک کلدانییە کەوناراکان، لە ڕاکێشانی ئاو بۆ باخ و بێستانەکانیان گەلێک کارامەن... بەرهەمی ڕۆن و پەنیری مەڕدارانی کوردستان زۆرترین پێداویستییەکانی کۆنستانتینۆپۆل، دیمەشق، ئالیپۆ {حەلەب} و بەیرووت پڕ دەکاتەوە. تەنیا لە کۆنستانتینۆپۆل پێداویستی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس دابین دەکات. لە کاتی شەڕەکانی سووریا، گشت سوپای ئیبراهیم پاشا لەسەر بەرهەمی گاڕانە مەڕەکانی کوردستان ژیاون".

سەبارەت بە دۆخی سیاسیی کورد لە لاپەڕەکانی ۲۴-۲۵دا، تێبینیی لێرخ سەرنجڕاکێشە و پەنجەی لەسەر پرسێک داناوە کە ئێستاش بەرۆکی کوردی بە شێوازێکی دیکە تەنیوەتەوە:

"ئەگەرچی زۆربەی کوردەکان بە دەسەڵاتی زلهێزەکانی پارس، تورک و ڕووس بەستراونەتەوە، بەڵام پرانیی هۆزەکانی کورد کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورک و پارسدا دەژین، بەکردەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەو دەسەڵاتانەوە نییە.... بەپێچەوانەی گەلە کۆچەرەکانی ئاسیا، وەک عەرەبەکان و مۆنگۆلەکان کە یەکگرتووانە دەوری خۆیان گێراوە، کوردەکان بەدرێژاییی مێژوو هەرگیز گەلێکی یەکگرتوو نەبوون و یەکگرتنەوە ئامانجی سەرەکییان نەبووە. وڵاتی خۆجێییی کوردان بەهۆی دوژمنایەتی و تۆڵەسەندنەوە بەسەر دەیان هێزی جیاوازی چەکداری سەربەخۆی خۆتەوەر دابەش بووە و بەستێنێکی فرە لەباری بۆ لێکدابڕانی گشت گەلەکەی، تەنانەت لە ئاستی تاکەکانیشدا پێک هێناوە".

هەر لێرەدا باسی "ناوبانگی بوێری و جەنگاوەری" کورد لە کۆنەوە دەکات و

ئاماژە بە نووسراوەکەی "گەزنەفۆن" لە لاپەڕەی ٢-٥ی کتێبی ئاناباسیس دەکات کە گوتوویەتی: "ماوەیەکی کورت پێش هاتنی ١٠ هەزار سوپای یۆنانی بۆ ناوچەکە، کاردۆخییەکان شکستیان بە سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی پادشای پارس لە کوێستانەکانی کاردۆخیا هێناوە". هەر لەم بارەدا ناوی "کەسایەتیی بەناوبانگ، سەلاحەدین"ی هێناوە کە "بە ڕەچەڵەک کورد بووە و ئێستاش نەوەکانی باسی سەرکەوتنە مێژووییەکەی لە بەرانبەر هێرشەکانی خاچپەرستەکان دەکەن" و لە زمانی "ڕەشیدەدین"ەوە {ڕەشیدەدین فەزلوڵلا} کە "مارک کاترمیر" [٨] کتێبەکەی وەرگێڕاوە، باسی "بەرخۆدانی خوێناویی کوردەکان لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی هۆلاکوو خان کە چەندان شکستیان پێ هێناوە" دەکات و وەک "وێنای ئازایی و قارەمانی کورد" هەڵی دەسەنگێنێت. سەبارەت بە تەیموووریش دەڵێت: "ئەگەرچی زۆربەی خاکی کوردستانی داگیر کرد، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ کوردەکاندا گەلێک جار تووشی شکست هاتووە، بەتایبەت لە ناوچەی ئامێدی". هەروەها سەبارەت بە هێرشی "سوڵتان سلێمانی مەزن" لە سەرەتای سەدەی ١٦دا بۆ ڕۆژاوای کوردستان دەڵێت: "... {کوردە} سەربزێوەکان ماوەی ٣٠٠ ساڵ بوو هێز و توانایان لە دەروازەی باڵا بڕیبوو". سەبارەت بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەڵێت: "دەسەڵاتی حکومەتی پارس بەسەر هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لاواز بووە، ئەگەرچی هۆزەکانیان لە بارەگای دەسەڵاتدا گەلێک جار دەوری بەرچاویان هەبووە".

سەبارەت بە زمانی کوردی لە دونیای زانستیدا لە لاپەڕەکانی ٣٤ و دواتردا، دیسان لەسەر بنەمای سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان، لێرخ دەڵێت: "ئەو گەڕیدانەی دەگەڵ کورد ژیاون، زۆر بە دەگمەن سەرنجیان داوەتە زمانی کوردی و زۆربەیان هیچ هەوڵیان نەداوە کۆڵینەوە لەو زمانە بکەن. ئەوانەش کە زمانی کوردی فێر بوون، تەنێ باسی یەک یان دوو زاراوەیان کردووە، چونکە زانیارییان لەسەر پێداویستییەکانی زانستی زمانەوانی نەبووە".

لێرەدا لێرخ دەڵێت لە ساڵی ١٧٦٢دا بۆ یەکەم جار "جان میشایلز"[٩] ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆشنگەری، داوای لەو گەڕیدە دانیمارکییانە کردبوو کە بە فەرمانی پاشای ئەم وڵاتە سەردانی ڕۆژهەڵات دەکەن، بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ بکەنەوە. ئینجا تەنیا لە ساڵی ١٧٦٤دا، "ئاوگوست

ڤۆن شلۆتسەر"[١٠] خوێندکاری لێهاتووی "جان میشایلز" بە فەرمانی "یەکاترینی دووەم" ئیمپراتۆری رووسیا سەردانی رۆژهەڵاتی کرد و کاری لەسەر کورد و زمانی کوردی دەست پێ کرد.

لێرخ هەروەها ناوی قەشە "گارزۆنی" ئیتالیایی هێناوە کە لە ساڵی ١٧٦٨ەوە ١٨ ساڵ لە شاری ئامێدی ژیاوە و یەکەم کەس بووە زانایانی جیهانی بە زمانی کوردی ئاشنا کردووە. لێرخ لێرەدا بەوردی باسی نێوەرۆکی کتێبەکەی "گارزۆنی" کردووە و دەڵێت: "بێگومان لەبەر نەبوونی بابەتێکی هاوچەشن چ ئەو کاتی و چی پێشتریش، ئێستا دەتوانین بڵێین کە بەرهەمەکەی "گارزۆنی" گەلێک بەنرخە. هەڵبەت "گارزۆنی" بابەتە کۆکراوەکانی بەباشی نەگواستووەتەوە، بۆیە نابێت چاوەڕوانییەکی ئەوتۆمان لەم بەرهەمە هەبێت". هاوکات دەگەڵ هەڵسەنگاندنێکی چڕوپڕ سەبارەت بە نێوەرۆکیان، لێرخ ئاماژەی بە ژمارەیەک کتێب و بۆچوونی گەڕیدە و نووسەرانی کردووە کە هەر کامیان رێژەیەک واتا و وشەی کوردییان تۆمار کردووە.

لێرخ بەگوێرەی توێژینەوە زمانەوانییەکان، هەروەها لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە زمانی کوردی، زاراوەکانی کورمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی و زازای بۆ زمانی کوردی هەژمار کردوون. سەبارەت بە زمانی کوردی و فارسی لێرخ هاوڕا بووە دەگەڵ "رۆدیگێر"[١١] و "پۆت"[١٢] و پێی وا بووە:

"زمانی کوردی لە زمانی پارسیی نوێ زۆر نزیکە، بەڵام لە زۆر لایەنیشەوە لە یەکتر دابڕاون و گۆڕانییان بەسەردا هاتووە، بەتایبەت بەهۆی کورتبوونەوە و پتر سووانەوەی پیتە دەنگدارەکان و بزربوونی پاشگرە لێکدراوەکان و لەنێوچوونی کارە سادەکان و جێگرتنەوەی بە کاری یاریدەدەر. هەڵبەت زمانی کوردییش وەک زمانی پارسیی نوێ کاتێک بووەتە زمانی وێژەیی، لە توانەوە رزگاری بووە.... هەر دوو زمان یەک ریشەیان هەیە و لە زمانی زەندی {ئاڤێستایی} زۆر نزیکن. لە یەک رووەوە زمانی کوردی و زمانی پارسیی نوێ تووشی یەک چارەنووس بوون و بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەکانی پارسەکان و کوردەکاندا، گەلێک وشەی عەرەبی کەوتووەتە نێو هەر دوو زمانەکە؛ ... بێجگە لەوە، لەم دوایانەدا لە ناوچەکانی رۆژاوا و باکووری رۆژاوای کوردستان تا رادەیەکی زۆر بەکارهێنانی وشەی تورکی بووەتە باو. بەڵام نە زمانی تورکی و نە زمانی عەرەبی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر پێکهاتەی نێوخۆییی رێزمان کوردی دانەناوە و تەنیا وەک پینەیەک بەم

زمانەوە دیارە و دەکرێت زۆر بەئاسانی لە وشە ڕەسەنەکانی کوردی جیا بکرێنەوە".

سەبارەت بە ویژە و نووسراوەی کوردی لە لاپەڕەکانی ٤٣ و دواتردا، لێرخ دەڵێت: "کورد شیعری هەیە کە بەشێکیان کوردیی ڕەسەنن و بەشێکیان لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون. بەداخەوە نزیک بە هەموویان نەناسراو ماونەتەوە. ڕێنووسەکەیان عەرەبی- فارسییە. بێجگە لە سترانە فۆلکلۆرییەکان، وەرگێڕراوی هەڵبەستە ئەفسانەییەکانی فیردەوسی و نیزامیشیان هەیە".

هەر لەم بارەدا لێرخ دەڵێت کەسێک بە ناوی "مەلا نەجەف" چامەیەکی بە ناوی "خودا" [١٣] بۆ "ڤ. دیتل" [١٤] خوێندووەتەوە و ناوبراو گوتوویەتی بەختیارییەکانیش ویژەی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لە لاپەڕەی ٤٤دا، ئاماژەی بە بۆچوونەکەی "جیمز ڕیچ" کردووە کە گوتوویەتی:

" کورد حەزی لە مۆسیقایە و هەواکانیان مۆرکێکی خەم و پەژارەی پێوە دیارە. لە جەژنی ڕەمەزاندا گوێبیستی نەوایەکی یەکدەنگ {-uni sono}ی ئارام و دڵڕفێنی بلوێری جووتیارێکی کورد دەگەڵ سترانێکی ئارامی خەمبار بووم. گۆرانییەکانی سەپانە کوردەکان سەبارەت بە داستانی شیرین و فەرهاد، وەک ئاوازی لۆتکەوانە ڤێنیزییەکانە".

هەورەها ئاماژەی بە بۆچوونی "خەچەتوور ئابۆڤیان" [١٥] کردووە کە جەختی لەوە کردووەتەوە:

"گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پێشکەوتوون و گەیشتوونەتە لووتکە.... ژن و پیاوی کورد بە ناخی شاعیرانە لە دایک دەبن... زۆر ئاسایی و بێگرێوگۆڵ و بە گشتی هەست و ویستیان، سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دۆڵ و دەراوەکان، چیاکان، ئاوهەڵدێرەکان، ڕووبارەکان، گوڵەکان، چەکەکانیان، ئەسپەکانیان، بۆ جەنگاوەرە دلێرەکانیان بە گۆرانی دەچڕن... {بەڵام} بەداخەوە بەشێکی زۆر کەم لەو بەرهەمانە بۆ ئێمە ناسراون".

سەبارەت بە دۆخی ئایینی هۆزەکانی کورد و ئێزدییەکان لە لاپەڕەکانی ٤٥ و دواتردا، لێرخ دەڵێت:

"زۆربەی کورد پەیڕەوی لە ئایینی محەممەدی و ئایینزای شافیعی دەکەن، بەڵام هەندێک لە هۆزەکانیان شیعەن. بەگشتی هەموویان موسڵمانی باش نین، باوەڕیان بە هات و نەهات نییە و لە بەرانبەر نەخۆشیی تاعووندا

خۆیان ناپارێزن، خواردنەوەی مەی، بە گوناهـ نازانن و تورک و پارسەکان پێیان وایە کوردەکان دەگەڵ ژنەکانیان زۆر نەرم و نیانن. تورکەکان دەڵێن، کوردەکان لە زۆر بارەوە وەک ئەورووپاییەکانن".

هەروەها لە زمانی ڕۆژهەڵاتناسی فرانسایی، "مارک کاترمیر" و ئەویش لە زمان "مەسعوودی"یەوە دەڵێت:

"کریستیانە یەعقووبییەکانی دەوروبەری مووسڵ و چیای جوودی کوردن". یان بەگوێرەی گەشتنامەکەی کەشیشی ئەمریکایی، "هۆراشیۆ ساوتگەیت"[١٦] دەڵێت: "لەنێو یەعقووبییەکانی دەوروبەری مێردیندا، هەندێک ئاگرپەرست هەن کە بە زمانێکی نهێنی دەئاخڤن کە پێی دەڵێن زمانی "شەمسییە" و لە دیاربەکر ١٥ ماڵباتی لەم چەشنە هەیە".

لێرخ دەڵێت: "لە ئاخاوتنی کوردزمانانی پەیڕەوی ئایینی ئێزدیدا، "عەلیئۆڵاهی" {یارسان} و "چراخ-سۆندەران"دا [١٧]، پەیڤگەلێکی سەرنجڕاکێش دەبینرێت کە پاشماوەی زمانێکی کەونارای میزۆپۆتامیا و وڵاتانی دەوروبەریەتی". لێرخ لەم بەشەدا باسی چەند ئوستوورەی کەوناری ئایینی دەکات و پاش ئاماژە بە پیرۆزبوونی مەلیک تاوس لای ئێزدییەکان، ئاماژە بە بۆچوونی چەند زانایەک سەبارەت بە خوداوەندی ئەکەدی، سۆمەری و بابیلۆنی بە ناوی "نێرگاڵ" دەکات کە گوتوویانە هاوشێوەی مەلیک تاوس بووە، لێرەدا لێرخ جەختی لەوە کردووەتەوە کە ڕیشەی "نێرگاڵ" هەمان "ئەر، ئۆر یان ئوور"، واتە هەمان "ئاگر"ە و هاوریشەیە دەگەڵ خوداوەندی "ئاستارتا" [١٨] کە خوداژنی هۆزە سامییەکانی ٣ هەزار ساڵ پێش زایین بووە. تەنانەت دەڵێت، سەرچاوەی خوداوەندی "ئاستارتا" دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی "پۆنت" {باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای ڕەش} و لە ڕێگەی دانیشتوانی ناوچەی "تاوریدە" {ناوی کەوناری نیمچەدورگەی کریم} گوازراوەتەوە بۆ نێو گەلانی سلاڤیانی. بۆیە لێرخ پێی وا بووە سەرهەڵدانی ئایینی ئێزدی بۆ سەردەمانی فرە کەونارا دەگەڕێتەوە.

هەروەها بەگوێرەی نووسراوەکانی "هێنری لەیارد"ەوە دەڵێت:

{ئەو کوردانەی} "لە کوێستانەکانی "دیجووک"ی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەرزەڕۆم دەژین، داربەروو، درەختە مەزنەکان، زنارە بەرزەکان و دیاردە مەزنەکانی سروشت دەپەرستن. "ڕەشید پاشا" کە ئەو زانیارییانەی بۆ "لەیارد" باس کردووە، گوتوویەتی ئەو هۆزانە دابونەریتی خراپ و شاراوەیان هەیە؛ ڕێبەرە ئایینی و سیاسییەکانیان بە کوردی دەئاخڤن، بەڵام ناوەکانیان

عەرەبییە".

لێرخ لە باسی ئێزدییەکاندا، دەڵێت:

سەبارەت بە ناسنامەی شێخ ئادی کە ئێزدییەکان بە پەیامهێنەری خۆیان دەزانن گەلێک بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی ئەم باسەیان ورووژاندووە، هیچکامیان ئاگایان لە دێڕێکی Bar-Hebraeus [19] نەبووە کە لە لاپەڕەی ٥٧٩ی وەرگێڕاوی لاتینی دەستنووسە سریانییەکەیدا، {بەم شێوەیە} باسی سەردەمی ژیانی شێخ ئادی کردووە: (نزیک ساڵی ١٢٧٥ی زایینی) "لە نێوان هەر دوو کوڕەکەی شێخ ئادیدا، ناکۆکی ساز بووە. ئەو شێخەی کە ئێزدییەکان بە پەیامهێنەری ئایینی ئێزدی دەزانن". ئەگەر ئەم دێڕەی سەرەوە دەگەڵ بۆچوونەکەی شەرەفخان لێک گرێ بدەین کە دەڵێت، بەگوێرەی هەندێک لە زانایانی هۆزەکانی دەوروبەری مووسڵ و شام، شێخ ئادی سەر بە زنجیرەی مەروانییەکان بووە (از تابعان خلفاء مروانیه بوده)، ئینجا دژوارە ئەو کەسایەتییەی کە ناوی {لە کتێبە سریانییەکەدا} هاتووە، بە پێکهێنەری "سێکتی" ئێزدی هەژمار بکەین. چونکە ئایینی ئێزدی زۆر کۆنترە لە سەدەی ١٣ی زایینی".

لێرخ لە درێژەی ئەم بەشەدا، پتر لە ٥ لاپەڕەی بۆ بۆچوونی گەشتیاران و نووسەرانی دیکە سەبارەت بە ئایینی ئێزدی و "عەلیئۆلاهی" و ئایینی کوردانی "شەبەک" تەرخان کردووە. سەبارەت بە ئایینی "عەلیئۆلاهی" دەڵێت: "گەلێک گرنگە سەرەتای دەستپێکی ئەم باوەڕمەندییە بزانین، بەڵام دەبێت بە ئاشکرا بڵێین کە هیچ لەبارەیانەوە نازانین". بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەکانی ئەو گەڕیدانەی سەردانیان کردوون، دەڵێت باوەڕیان بەوە هەیە کە پاش مردنیان، ڕۆحیان بۆ جەستەی زیندەوەرێک یان بۆ جەستەی مرۆڤێکی دیکە دەگوازرێتەوە. واتە ڕۆح لە جەستەیەک بۆ جەستەیەکی دیکە جێگۆڕکێ دەکات و سەدان ساڵ دەژیت. هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە پەرستنی عەلی بەجێی خودا، ناکەوێتە نێو دەقی ئایینی "عەلیئۆلاهی"ییەکان، بەڵکوو تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوەی "بتپەرست"بوونیان بە مەبەستی ڕاکێشانی سۆز و خۆشەویستیی پارسەکان کە شیعەن. دواتر دەڵێت: "بەگوێرەی Bar-Hebraeus ناوی ڕاستەقینەی ئەم "سێکت"ـە کە شیعەن، "النصیریة"[20] یە. "کلێمنت دێ بۆدێ" [21] بە "نووسەیر"ییەکان و "ساوتگەیت بە "نەسووری" ئاماژەیان پێ کردووە".

هەروەها ئاماژەی بە بۆچوونی "جۆرج پێرسی باجەر" [22] یش کردووە کە گوتوویەتی:

"سەبارەت بە کوردە کۆچەرەکانی نزیک جزیرە دەنگۆیەک هەیە کە گوایە

گوێلک دەپەرستن و شەوانە کۆبوونەوەی شاراوەیان هەیە. دەستەیەکیان بە ناوی "شەبەک" هەیە کە لە دووسێ گوندی نزیک مووسڵ دەژین و ئەگەر کەسێکیان بە دەستووری ئیسلام هەڵسوکەوت بکات، لە کۆمەڵگای خۆیان دەری دەکەن؛ ئەوانەش ساڵانە جەژنی خۆیان هەیە و وەک ئێزدییەکان بە گەڕ دەست دەگرن و هەڵ دەپەڕن".

## وردبوونەوە لە ژمارەی هۆزەکانی کورد

لە لاپەڕەکانی ٥٩-١٢١ی ئەم بەشەدا، لێرخ دەڵێت، هۆزەکانی کورد لەژێر دەسەڵاتی سێ زلهێزی رووسیا، تورکیا و پارسدا دەژین و لە ٦٢ لاپەڕەدا و بەگوێرەی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان بەوردی هەژماری ئاپۆرە و هەندێک تایبەتمەندی و ناوی لق و پۆ و خێڵەکانی زۆربەی هۆزەکانی کورد کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم سێ وڵاتەدا دەژین، تۆمار کردووە.

سەبارەت بە دۆخی ژیانی کوردەکان لە پارس و تورکیادا[٢٣]، لێرخ دەڵێت:

"بارودۆخی ئیمپراتۆرییەکانی تورک و پارس ئەوەندە لەبار نییە بۆ دابینکردنی ژیانێکی باش، ئینجا دۆخەکە بۆ کوردەکانیش گەلێک نالەبارترە. بۆیە گۆڕەپانەکە بۆ دژکردەوەی توندوتیژانە و هەمەلایەنەی کوردەکان ئامادەیە". ئاماژە بە بۆچوونی "جۆرج پێرسی باجەر"یش دەکات کە گومانی لەوە نەبووە ئەگەر کوردەکانی تورکیا لەژێر دەسەڵاتێکی دادپەروەردا ژیابان، گەلێک فەرمانبەرتر و بەسوودتر دەبوون. کوردەکان لە وەڵامی پرسیاری ئەم رۆژهەڵاتناسە ئینگلیزەدا کە بۆ چی ئێوە بەردەوام لە شۆڕشدان، گوتوویانە:

"باشە دەبێت چ بکەین؟ ئێمە کە لە دەشتاییدا دەژیین، خەریکی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانین. بە باخ و رەزەکانمان رادەگەین، خەریکی کشتوکاڵین و زەویی دێم پڕبەرهەم دەکەین، بەڵام لە بەرانبەردا، باجی زەبەلاح بەسەرماندا دەسەپێنن و هیچ سوودێک لە کار و زەحمەتمان پێ ناهێڵنەوە و دەکەوینە باری هەژاری، سەرباری ئەوەش رووبەرووی ئەوپەڕی توندوتیژی و سەرکوت بووینەتەوە. کاتێک ناتوانین داخوازییە چاوەڕوانکراوەکانی سەرکوتکارانمان جێبەجێ بکەین، ئینجا تۆمەتی خراپکاریشمان دەخەنە پاڵ. تورکەکان گوندەکانمان تاڵان دەکەن، کەرەستە کشتوکاڵییەکانمان دەدزن، یان دەمانکوژن یان بەدیل دەمانگرن. ئیتر چ رێگەیەکمان بۆ دەمێنێتەوە؟ ناچار دەبێ خانوخێزانمان جێ بهێڵین و روو بکەینە هەوالانمان لە چیاکان کە لە هەرچی سەرکوتکاری و ستەمە، ئازادن. بەڵێ، ئەوەیە چارەنووسی ئێمە. بەڵام خوا بەخشندەیە".

لێرخ پێی وا بووە بارودۆخی کوردەکانی پارس لەچاو کوردەکانی تورکیا، باشتر بووە. و دەڵێت ئەو ناوچەیەی لە کەوناراوە بە زنجیرەچیاکانی زاگرۆس ناسراوە و ئێستا بەناوی لورستان بەناوبانگە، هەر لە کۆنەوە پەیوەندیی بە دەوڵەتی پارسەوە زۆر لاواز بووە و هۆکارەکەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئازایی و جەنگاوەریی ئەو هۆزانەی لەم کوێستانانەدا دەژین. و دەڵێت: "لورەکان لە ناوچەکانی خووزستان و "بێهبەهان"یش دەژین... ئاغاوەتە خۆجێییەکان هەر لە سەردەمانی کۆنەوە کاروباری هۆزیان بەڕێوە بردووە و شا بەهەڵکەوت توانیویەتی کاربەدەستانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت".

خشتەی ناوچەکانی ژیانی هۆزەکانی کورد لەم سێ وڵاتەدا، گەلێک سەرنجراکێشە و لێرخ بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردوون:

**لە تورکیا**

لێرخ لە پەراوێزدا بەگوێرەی سێ سەرچاوە دەڵێت کوردەکان لە ٤٠ ئەیالەتی ئەم وڵاتەدا دەژین. بەڵام لەم بەشەی کتێبەکەیدا ئاماژە بە شوێنی ژیانی هۆزەکانی کورد لە ١٠ ئەیالەت و لیواکانی کردووە و بەگوێرەی سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان زۆر بەوردی زانیاری سەبارەت بە هۆزەکانی کوردی تۆمار کردووە کە بریتین لە: ئەیالەتی هەکاری، پێکهاتوو لە لیواکانی: هەکاری، وان، مێردین و جزیرە و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ٦٣ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی کوردستان بە لیواکانی دێرسم، مووش و دیاربەکر و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ٢٣ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی مووسڵ بە لیواکانی مووسڵ [٢٤] و ڕواندز و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ٦٧ هۆز و خێڵی ئەم ناوچەیە؛ ئەیالەتی بەغدا بە لیواکانی بەغدا، سلێمانی و بەسرە و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ٣٠ی هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی حەلەب بە لیواکانی حەلەب، ئورفا، ڕووم قەڵەسی، بیرجیک، عەینتاب و کلیس و زانیاری سەبارەت بە پتر لە ٢٣ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی خەربڕووت بە لیواکانی خەربرووت، بەگیسنە، مەلاتی، میادێن و عەرەبگیر و زانیاری سەبارەت بە ٤ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ ئەیالەتی ئەدەنە بە لیواکانی ئەدەنە، ئیچیل، تارسووس، بیلان، قەرە ئیسالیو و مەرعەش و زانیاری سەبارەت بە ٢ هۆزی ناوچەکە؛ ئەیالەتی بۆزووک یان بۆزووق [٢٥] بە لیواکانی بۆزووک، ئەنگورا، کیانگیری، قەیسەری، کۆزان داغ و ناوچەکانی هۆزی "جیهان بەگلی" و زانیاری سەبارەت بە ٢ هۆزی ناوچەکە؛ ئەیالەتی ئەرزەڕۆم بە لیواکانی ئەرزەرۆم، "چەڵدر"، قەرس و بایەزید و زانیاری سەبارەت بە ١٢ هۆز و خێڵی ناوچەکە.

**لە ڕووسیا،**

بەگوێرەی لێرخ کـــوردەکان لە ناوچەی قەرەباخ و پارێـــزگای یەریڤان و پارێزگای ئیمێرێتــــی[26] ژیـــاون؛ لـــە ۴ گوندی محاڵــــی دارئالاگێز و زانیاری ســـەبارەت بـــە ۱۲ هـــۆز و خێڵــــی ناوچەکە؛ لە محاڵــــی نەخجـــەوان ۳۳۶ کۆچـــەری کـــورد؛ لـــە محاڵـــی ســـەردار ئاباد و زانیاری ســـەبارەت بە ۱۰ هۆز و خێڵی ناوچەکـــە؛ لـــە محاڵی ســـوورمالین و زانیاری ســـەبارەت بە ۱۰ هۆز و خێڵی ناوچەکە؛ لـــە محاڵی شـــەروور پتر لە ۲۶۰۰ کۆچـــەری کـــورد دەژین؛

**لە پارس،**

هۆزەکانـــی کورد لـــەم ناوچانەدا دەژین: لـــە ئازەربایجـــان (پتر لـــە ۵۴ هۆز و خێڵ)؛ لـــە قـــەزای تارۆم لە "ســـەر سنووری ئازەربایجـــان و ئێـــران"؛ لە دەوروبەری شـــاری رەی[27]؛ لە ئەردەلان (۷ هـــۆزی ناوچەکە)؛ لـــە دەوروبەری کرماشـــان (۷ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لە لورســـتان و خووزســـتان (پتر لە ۸۹ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لـــە ناوچەی بەختیـــاری (پتر لـــە ۱۶۰ هۆز و خێڵی ناوچەکە)؛ لـــە ناوچـــەی کووەگێلوویە (پتر لە ۲۸ هۆز و خێڵـــی ناوچەکە)؛ لە ناوچەی خۆراســـان (۶ هۆزی ناوچەکە)؛ لـــە مازندەران (۲ هـــۆزی ناوچەکە)؛ لە چیاکانی دەیلەم ("زۆربەی دانیشـــتوانی ۲۵ گوند بـــە درێژایی رووبـــاری "قزڵ ئـــۆزن" تاکوو پشـــتکووهی لورســـتان کـــوردن"). هەڵبەت لێـــرخ دان بەوەدا دەهێنێت کـــە زانیارییـــە چرووپرەکەی ســـەبارەت بـــە هۆزەکانی کـــورد تەواو نییـــە و وەڵامـــدەری کۆتایـــی بۆ ئەو پرســـە نابێت.

## بەرگی دووەم

بەرگـــی دووەم ۱۴۵ لاپەرەیە و بریتییە لە پێشـــەکی، راپۆرتی ئەکادیمیســـت "دۆرن"، راپۆرتێـــک بـــۆ ئەکادیمیـــا ســـەبارەت بـــە ســـەردانەکەی لـــە "رۆسلاڤـــڵ"، کۆمەڵێـــک دەقی کوردی بە زاراوەکانـــی کورمانجی و زازا، هەروەها پاشـــکۆیەک کـــە دەقـــە کوردییەکانی ئـــەرزەرۆم و تەورێزی لەخـــۆ گرتووە.

## پێشەکیی بەرگی دووەم

لـــە لاپەرەکانـــی III-VIدا، لێـــرخ ئاماژە بـــەوە دەکات کە لە ســـاڵی ۱۸۵۶، بە بڕیاری ئەکادیمیای زانســـتیی رووســـیا بـــە مەبەســـتی توێژینەوە لـــە زمانی کـــوردی، رەوانەی شـــاری "رۆسلاڤل" لە پارێـــزگای "سمۆلێنســـک" کراوە، ئەو شـــارەی کە هەندێـــک دیلی کورد لەوێنـــدەرێ راگیرابوون . لێرخ ســـێ مانگ هاموشـــۆی هەبـــووە دەگەڵ ۵۰ کـــوردی ناوچەکانی: مێردیـــن، جزیر، دێرســـم، مـــووش، دیاربەکـــر، ئورفا، بێرەجیـــک، خارپـــووت، Бегесне بەگیســـنە"، مەلاتیە، مادەن، عەرەبگیر و ئـــەرزەرۆم ("زاراوەی زۆربەیـــان کورمانجی و هـــی هەندێکیشـــیان زازا بووە").

لێرخ لە ســـەرەتا تـــا رادەیەکی باش ئاخێـــوەری زمانی کوردی بـــووە. دواتر توانیوێتـــی نموونەگەلێـــک لـــە دەقی

کوردی بە زاراوە ئاماژەپێکراوەکان بنووسێتەوە و گەلێک زانیاریی ئیتنۆگرافیایی سەبارەت بە کورد کۆ بکاتەوە؛ بۆیە تەوەرەی سەرەکیی بەرگی دووەم (١٨٥٧) و سێیەمی (١٨٥٨) بەرهەمەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک کۆکراوەی زمانەوانی و ئیتنۆگرافیایی کە لە دیلە کوردەکانی وەدەست هێنابوو، دەگەڵ ئەو زانیاریگەلەی لە نووسراوەکانی گەشتیارە ڕووس و بیانییەکان دەستی پێ ڕاگەیشتبوو.

## ڕاپۆرتی ئەکادیمیست "دۆرن" [٢٨]

پرۆفیسۆر "ئالبریخت دۆرن" سەرۆکی لقی مێژوو و زمانەوانیی ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریای ڕووسیا لە کۆبوونەوەی ٢٠ی جوونی ساڵی ١٨٥٧دا سەبارەت بە ئاکامی گەشتەکەی لێرخ ڕای گەیاندووە کە: "بەخۆشییەوە "پ. لێرخ" بەربژێری {دکتۆر} لە زانکۆی سان پیتربورگ ئێستا لە گەشتەکەی گەڕاوەتەوە و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی پێشکەش بە لقی ئەکادیمیا کردووە. ئەم ڕاپۆرتە هێشتا سەرەتاییە، بەڵام بەتەواوی پێشانمان دەدات کە ناوبراو لە ئەرکی خۆی دەگەڵ کوردەکان سەرکەوتوو بووە" (لاپەڕەکانی ١-٤).

## ڕاپۆرتی لێرخ بۆ ئەکادیمیا

لێرخ لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ ئەکادیمیا لە لاپەڕەکانی ٥ تاکوو ٣٧دا، بەگوێرەی توێژینەوە زمانەوانییەکانی سەرچاوەکان، هەروەها لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە زمانی کوردی، زاراوەکانی کورمانجی، لۆری، کەلهوڕی، گۆرانی و زازای بۆ زمانی کوردی هەژمار کردوون. لێرخ لە هاموشۆ دەگەڵ دیلە کوردەکاندا، هەلی فێربوونی تەنیا زاراوەکانی کورمانجی و زازای بۆ ڕەخسابوو، بەڵام پتر خەریکی کورمانجی بووە. چونکە وەک لێرخ بۆخۆی دەڵێت: "کوردەکان لە سەرتاسەری ڕۆژاوای کوردستان، واتە لە مووسڵەوە بگرە هەتاکوو ئاسیای بچووک و سلێمانی ڕاوێژیان زاراوەی کورمانجییە". هاوکات ڕوونی کردووەتەوە کە لە ئاخافتنی هۆزەکانی باکوور و باشووری ڕووباری دیجلە بەگوێرەی وشە، گۆکردن و بیچمی ڕێزمانی زاراوەکانیان، جیاوازی بەدی دەکرێت، "بەڵام ئەو جیاوازییە ئەوەندە مەزن نییە کە ئەندامانی هۆزەکان لە یەکتر تێ نەگەن".

لێرخ دەگەڵ "ئاگۆست فریدریش پۆت"، زمانەوانی ئەڵمانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی زمانەوانی مۆدێرنی هیندوئەورووپایی و زمانەوانیی گشتی، هاوڕا بووە کە لەنێو زمانە ئێرانییەکاندا زمانی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیە؛ لەم بارەوە دەڵێت:

"بەپێی زانیارییە کۆکراوەکانم بێت، هیچ بنەمایەکم بەدی نەکردووە تا هاوڕا نەبم دەگەڵ داکۆکییە سەلمێنراو و پەیتاپەیتاکانی پرۆفیسۆر "پۆت" کاتێک لەنێو کۆمەڵە

زمانــە ئێرانییەکانــدا زمانــی کوردیی وەک زمانێکــی ســەربەخۆ پۆلیــن کــردووە... زمانی کــوردی (کورمانجی) ســەربەخۆیی خــۆی لــە جەرگەی کوردســتاندا پاراســتووە و پــەرەی ســەندووە؛ بیجمەکەی جیایە لە زمانی پارســی بــەڵام خزمایەتــی نزیکیان دەگەڵ یەکتر هەیە... وشــەگەلی بێگانە کــە دزەیــان کردووەتە نێــو زمانی کوردی، هیچ کاریگەرییەکیان لەســەر پێکهاتەی نێوخۆیی ئــەو زمانە دانەناوە و دای نانێت.... هــۆکاری جیاوازیی زمانی کوردی و پارســی بێگومان دەگەڕێتەوە بــۆ ئەو ســەردەمانەی کــە هۆزەکانی کــورد لــە هــۆزە ئێرانییــەکان جیا بوونەتەوە".

لێــرخ پێداگرانــە لەســەر ئــەو بــاوەڕە بــووە، داوەریکردن ســەبارەت بە پەیوەندیــی مێژوویی نێــوان زمانە ئێرانییەکان دەگــەڵ یەکتر تەنیا کاتێک ئاکامی دەبێت، ئەگەر ئاســتی زانســت بگاتە وەهــا ڕادەیەک کە بــۆ هەر کام لــەم زمانانە توێژینەوەی زانســتییانەی بــاش لە ڕێزمــان، فەرهەنگــی پەیڤ، وشــە و گۆکردنییان بکرێت.

لێرخ لــەم ڕاپۆرتەیدا پتــر لە ٢٨ لاپــەڕەی بــە تێروتەســەلی تەرخان کــردووە بــۆ تایبەتمەندییەکانــی دیلــە کوردەکانــی ڕاگیراو لە شــاری "ڕۆسلاڤــڵ". بــۆ نموونە:

"... لــەو ماوەیــەدا بینیــم کــە کــوردەکان زۆرخــۆر نیــن، دڵپاکن، سوپاســگوزارن بۆ ئــەو چاکەیەی بۆیان دەکرێت، خاکەڕان، ڕاســتگۆ و ڕووڕاستن؛ بێجگە لەمانە باش لە پێداویســتی ژیانی بەکۆمەڵ تــێ دەگەن، قســەخۆش و شادن، و جۆرێک تێڕوانینی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ هەموو شــتەکانی دەوروبەریان... لەو ژوورانــەی بۆیان تەرخان کرابوو و ٨ تا ١٢ دیلی (کــورد و تورک)ی لە خۆ دەگرت، شــادی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە باڵادەست بــوو... کاتێــک چەند کەســێکیان کۆ دەبوونــەوە و گۆرانیبێژێکیــان لەنێودا با، ئیتــر کۆبوونەوەکەیان بــە گۆرانیی نیشــتمانی پــڕ دەکرد لە شــادی و خۆشی؛ وشــەکانیش هەمیشــە لێوانلێو بوون لــە ســۆزی ئاگرینی شــانازی بــە خــاک و زێدیــان. ســەرەڕای باوەڕیــان بە "محەممەدیزم"، هەســتی نەتەوەییــی خۆیان لەدەســت نەدابوو. تەنانەت هەمیشــە بە خۆشەویســتی و بەجۆشوخرۆشــەوە باســی بەگەکانییان دەکرد. کەمیــان نەدەهێنا لە گێڕانەوەی چیــرۆک ســەبارەت بە چارەنووســی دڵتەزێنــی زۆرێک لە ســەرکردەکانیان. دیارە بــە لەبەرچاوگرتنــی دڕندەیی پاشــاکانی تورکیــا لە ئاســیا، گەلێک بیرەوەریــی دڵتەزێــن و دەگمەنیــان دەگێــڕاوە. زۆربــەی وشــەکانی ئەو گۆرانییــە فۆلکلۆرییانــەی کــە لــە کوردەکان بیســتوومن و تۆمارم کردوون،

ئیرۆتیکی و باسی پاڵەوانێتین... لە گۆرانیی کوردیدا، گاڵتە و گوڵمەز کەم نین و زۆربەی گۆرانییەکان لە پێناو سەربەخۆیی لە شەڕە خوێناوییەکانیان دەگەڵ سوڵتانەکانی تورک باسی پاڵەوانێتیی کورد و بەرخۆدانیان دەکات. وەک دەزانین (بەپێی مۆلتکە) تەنانەت ژنانیش لەو شەڕانەدا بەشدار بوون. لەنێو گۆرانییە تۆمارکراوەکانمدا، یەکێکیان ئاماژەیە بە ڕاپەڕینی کورد لە "خەرسان داغ". نیوەی دەقە کوردییەکان (بە پەخشان و بەیتەوە) بە یارمەتیی حەسەنی زازا، خەڵکی پاڵوو کە زۆر جار لە ژوورەکەم لە "ڕۆسلاڤڵ" لێم بیستووە، تۆمارم کردوون. جێگەی سەرنجە زۆر جار لە کاتی چرینی گۆرانییەکاندا، حەسەن دەوەستا و دەکەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە یادەوەری ئازایەتیی هاوهۆزەکانی. ئەوەش هێزی لێ دەبڕی و نەیدەتوانی بەسەر ئەو هەستەیدا زاڵ بێت. جارێک لێم پرسی بۆ بەردەوام نابێت، وەڵامی دامەوە، "دڵێ مە دەشەوتێ" (واتە دڵم ئاگری گرتووە). کاتێک حەسەن بەسەرهاتی شەڕ و پێکدادانی نێوان هۆزەکەی و هۆزەکانی تری دەگێڕاوە و خۆشی بەشدار بووبوو، هەمان هەست دووبارە بەسەریدا زاڵ دەبووەوە. زۆر بەگەرمی و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە باسی "عەبدوڵڵا بەگ"، میری شاری پاڵووی دەکرد کە چاوێکی خۆی لەدەست دابوو و لە دیلیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو. ئەو حەسەنە، لەنێو ئاشناکانمدا، یەکێک لە کورە هەرە دڵپاک و لەسەردڵەکان بوو...

کورد نە تەنیا حەزی لە مۆسیقا هەیە، بەڵکوو سەماش دەکات. لە کۆتاییەکانی ماوەی مانەوەم لە "ڕۆسلاڤڵ" کاتێک ژمارەی تورکەکان پتر لە کوردەکان بووبوو، هیچ تورکێکم نەدیت سەما بکات. بەگشتی تورکەکان ئەو هەست و نەستە چالاک و زیندووەی کوردەکانیان نەبوو. زۆر جار کوردەکان لە ڕیزێکی دوورودرێژدا پشتێنەکانی یەکتریان دەگرت و ئینجا هەڵپەڕینێکی یەکدەستی ڕۆژهەڵاتییانەم دەدیت...

لە گفتوگۆکاندا تایبەتمەندیی کەسایەتیی کورد پتر دەردەکەوت، زۆرێک لە دیلەکان کەسانی بەئاوەز بوون و سۆزدارییان بۆ بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی هەبوو. دەگەڵ کوردەکان بە زاراوەی کوردیی کورمانجی دەئاخاوتم و لە گفتوگۆکاندا تەنیا لە زێد و بژێویی گەلەکەیانم نەدەپرسی، باسی چەمکە ئاکارەکانیشمان دەکرد. لە ڕاوێژی زاریاندا لەم بارەیەوە، تاقە پەیڤێکی نالەبار و یان بە دەنگی بەرزم لێیان نەدەبیست. بەم نموونەی ژێرەوە بۆم سەلما کە ئەوە هەستێکی زگماکی و ڕاستەقینەیانە. دوو عەرەب لە دیلەکانی "ڕۆسلاڤڵ" چەند جار

دزییەکی بچووکیان کردبوو. هەر لە ڕۆژی گەیشتنمدا، تووشی هەر کوردێک دەبووم، ئاگاداریان دەکردمەوە کە چاوم بەو عەرەبانە نەکەوێت. پاش ماوەیەک لە سەردانێک بۆ لای ئەو کوردانەی دەمناسین، هەستم بە شڵەژان و ئاڵۆزیی دۆخی کۆمەڵگەکەیان کرد. دواتر دەرکەوت کە کوردەکان عەرەبێکیان لە کاتی دزینی چەند دار و پەردوویەکی نەخۆشخانەی شار گرتبوو و بە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی ئەو دامەزراوە خێرخوازییە، هەموو ڕق و تووڕەییان بەسەر شان و شەپیلک و ڕدێنی عەرەبەکەدا بەتاڵ کردبوو... کورد پتر لە تورک بایەخ بە ڕواڵەتی خۆی دەدات. حوسێن هەمیشە لە ڕۆژە گەرمەکاندا بە جلی سپی دەسووراوە و بەردەوامیش لە ڕووباردا خۆی دەشووشت؛ لە ژێر جاکەتێکی سپیی تا ڕادەیەک تەنگدا، کەوایەکی ڕەشی جوانی دەبەر دەکرد و پشتێنێکی چنراو لە داوی زێو و ئاوریشمی دەبەست و لە ڕۆژانی سارددا بە پاڵتۆ ناقۆڵا سەربازییەکەی، خۆی دادەپۆشی. تەنانەت پاڵتۆکەشی بە شێوازێکی ڕێکوپێک و تایبەت لەبەر دەکرد. عەلی هاوڕێی محەممەد و سەر بە هۆزی "دێمی" لە شاری "هێنی" لە باشووری پالوو، جلوبەرگێکی پاک و ڕازاوەی دەبەر دەکرد. محەممەد هەروەها بە کڵاوە سوورەکەی کە وەک ئەورووپاییەکان لەسەری دەنا، جیاواز بوو".

لێرخ لەم بەشەدا کۆمەڵێک وشەی زاراوەکانی کورمانجی و زازاکی تۆمار کردووە کە لە دیلە کوردەکانی پرسیوە وەک واتاگەلێک: بۆ پەیوەندییە خێزانییەکان، ناوی مانگەکانی ساڵ، ناوی ئەستێرەکان، هەروەها هەندێک میتۆلۆژیی کوردییشی لە دیلەکان بیستووە، و لەم بارەدا دەڵێت:

"کوردەکان نە تەنیا ناوی ئەستێرەکان، بەڵکوو دونیای مەزنی گیاندار و ئاژەڵەکانیش بە ژیانی ئاساییی مرۆڤ دەبەستنەوە. وا دیارە لەنێو کورددا تەواو باو بێت و باوەڕ بەوە هەبێت کە "کوندەبوو" سەردەمانێک مرۆڤ بووە. ڕۆژێک دەگەڵ حوسێن پیاسەمان دەکرد، گوێمان لە خوێندنی "کۆترەپەپوو" بوو، حوسێن گوتی: ئەو باڵندەیە مرۆڤێک بووە کە براکەی خۆی کوشتووە و خودا سزای داوە و بووەتە ئەم باڵندەیە، بزانە چۆن هاواری براکەی دەکات و دەڵێت "کەکۆ! کەکۆ!"، کوردێکی دیکەی کوێستانەکانی بۆتان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە گوایە ئەو باڵندەیە دەڵێت: "کێ کوشت؟ کێ کوشت؟، پاشان بە هاوارێکی بەرز دەیگوت، کوڕە! باڵندەکە دەڵێت: مە کوشت، مە کوشت. سەبارەت بە باڵندەی "گوێین"(بە زاراوەی زازا، باڵندەیەکە

لە ڕەچەڵەکی کۆتر) حوسێن دەیگوت کوڕێک بە دەستی زڕدایکی دەکوژرێت، خوشکەکەی لە خوادا دەپارێتەوە و خوداش زڕدایکەکەی کردووە بەو باڵندەیە... جارێکیان داواm لە یەکێک لە کوردەکانی "ڕۆسلاڤل" کرد پێم بڵێت بەپێی بیروباوەڕیان، هەموو شتێک کە لەسەر زەوی دیارە لەسەر چی وەستاوە (ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو سەبارەت بە گۆی زەوی)، بەڵام ئەو کوردە وەڵامی دامەوە کە زەوی لەسەر "گاماسی" وەستاوە. لە گەڕان بە دوای مانای ئەم وشەیەدا، تێ گەیشتم کوردەکانی دیکە درێژە بەو باسە نادەن و هەوڵیان دەدا پێش بەو گفتوگۆیە بگرن. من تەنیا ئەوەم لێیان دەستکەوت کە گوایە لە کتێبی "Ilmihal"(؟)[۲۹] دا باسی گاماسی کراوە. یەکێکیان دڵنیا بوو کە باوکی ئەو کتێبەی خوێندووەتەوە... سەبارەت بە ئایینی هاونیشتمانە ئێزدییە "فرەخوداییە"کان، زۆر کەم زانیاریم لە دیلە کوردەکان دەست کەوت. گێڕانەوەکانیان لە ئاستی بابەتە کۆکراوەکانی گەشتیاران سەبارەت بەو جڤاکە ئایینییەوە تێ نەدەپەڕین. بەڵام هەندێک زانیارییان درکاندووە کە ڕەنگە بێکەڵک نەبن. ئەوەش باسی جڤاکێکی ئایینییە کە بە "چراخ-سۆندەران" ناسراون و لە باکووری ڕۆژاوای مەلاتیە (لە گوندەکانی "حەسەن بەدریک"، "حەکیم خان"، "ئاڵا جاخان" و "دلووکداش" دەژین). کەسێکی "فرەخودا" دەیگوت خوداکەیان "ئەڵلا"یە. موسڵمانەکان پێیان دەڵێن "قزڵباش". بەگوێرەی گێڕانەوەی ئەو کوردانەی کە هاموشۆیان دەگەڵ ئەم تاقمە هەبووە، ژن و پیاوە "قزڵباشەکان" بەبێ جیاوازی، سەرپێچی خوری بە ڕەنگی خورماییان لەسەرە و گوڵینگەکانی بەسەر دەموچاویاندا شۆڕ دەبێتەوە. جلەکانیان سەوزە، پێڵاوەکانیان بە کورک داپۆشراوە. پیاوەکانیان قژی سەریان دەتاشن، بەڵام ڕیشیان دەهێڵنەوە. ژنەکانیان پرچیان بە نۆ تا دە ڕایەڵە دەهۆننەوە و بە شیلان و مەرجان دەیڕازێننەوە. جێگەی سەرنجە بەپێی نووسراوە کۆکراوە نهێنییەکانی ئەو جڤاکە -وەک بۆ ئێزدییەکان، کەڵەشێر پێگەیەکی گرنگی هەیە. ڕێبەری ئایینیی ئەو جڤاکە لە بەرانبەری مۆمێکی هەڵکراودا نزا دەکات و کەڵەشێرێکیش بە مۆمدانەکە بەستراوەتەوە. پاش تەواوبوونی نزاکەی، بە گۆچانێک لە کەڵەشێرەکە دەدەن. دیارە کەڵەشێریش دەست دەکات بە خۆڕزگارکردن و مۆمدانەکە دەکەوێت و مۆمەکەش دەکوژێتەوە. بۆیە ئەم جڤاکە ئایینییە "فرەخودا"یە، بە "چراخ-سۆندەران" ناسراون، هەڵبەت هەموو ئەوانە دەبێت وەک "Relata Refero} بە

لاتینی: "من (تەنیا) ئەوەی بیستووومە دەیگێڕمەوە"}" لە منی وەرگرن. نەمتوانی دیاری بکەم کام هۆزە و خێڵ پەیڕەوی لە ئایینی "چراخ-سۆندەران" دەکەن ".

## دەقە کوردییەکان

لە سەرەتای ئەم بەشەدا، لێرخ کۆمەڵێک پەیڤی کورتی بە هەر دوو زاراوەی کورمانجی و زازا لەسەر بنەمای "رستە پێوەرەکانی بەکمایستەر"[٣٠] وەرگێڕاوە. و هاوکات هەموو دەقەکانی کردووەتە رووسی (لە دوو بەرگە ئەڵمانییەکەش کردوویەتە ئەڵمانی). لێرخ بۆ نووسینی ئەم دەقانە لە نیگارەکانی ئەلفبێی لاتینی "لێپسیۆس" کەلکی وەرگرتووە کە ئەو کاتی بە ئەلفبێی ستانداردی "لێپسیۆس" ناسرابوو، و بۆ هەر دەنگێک کە بیستوویەتی، نیشانەیەکی بۆ داناوە کە لە زاراوەی کورمانجیدا بریتییە لە ٣٧ دەنگ: ٩ بزوێن (٥ بزوێنی درێژ و ٤ بزوێنی کورت)، دەگەڵ ٢٨ نەبزوێن. زاراوەی زازا بە دوو بزوێنی پتر، ٣٩ دەنگی بۆ داناوە: ٩ بزوێن و ٣٠ نەبزوێن. لێرخ باسی هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەش دەکات و دەڵێت: "ئەلفبێی عەرەبی-فارسی کە بۆ زمانی کوردی بەکار دێت، بۆ دەربڕینی بێخەوشی هەموو ئەو دەنگانەی من لە بێژەکردنی کوردەکان دەمبیستن، لە جێی خۆیاندا نەبوون". لێرەدا لێرخ گۆکردنی هەر کام لەم نیگارانەی بە هەڵسەنگاندن دەگەڵ گۆکردنی نیگارە هاوشێوەکانیان لە زمانە ئەورووپاییەکان شی کردووەتەوە.

## دەقەکان

لە لاپەڕەکانی ٤٥-٨٦دا، لێرخ بە نیگارەکانی ئەلفبێی لاتینی "لێپسیۆس" ئەم دەقانەی بە زاراوەی کورمانجی نووسیوەتەوە:

١- وەرگێڕاوی حەوت چیرۆک کە لێرخ لە کتێبی فریدریش دیتریچ ١٨٢١-١٩٠٣، رۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی ئەڵمانی بە ناوی "گوڵبژێرێکی وێژەیی عوسمانی" وەری گرتوون. ٢- وەرگێڕاوی ١٨ نەزیرە (ئەفسانە)ی تورکی لە کتێبی "ویکتۆر لێتریە"ی فرانسایی بە ناوی "گوڵبژێرێک لە ئەفسانە تورکییەکان". ٣- دوو چیرۆک. ٤- چیرۆکی چارەنووسی تیروتەسەلی "عەبدوڵڵا بەگ"، میری شاری "پاڵوو. ٥- بەسەرهاتی ئەوینداریی خەمباری کچی سەرۆکهۆزی "رۆمی". ٦- وەرگێڕاوی دەقەکانی "زیتر کویست".[٣١]

لە لاپەڕەکانی ٨٧- ١٢٣شدا بە زاراوەی "زازا" ئەم دەقانەی نووسیوەتەوە:

١- سێ چیرۆک سەبارەت بە پێکدادانی هۆزەکانی کورد. ٢- دوو چیرۆک. ٣- نەزیرەیەک سەبارەت بە باڵندەی "گۆیین".

**بەیتەکان:**

٢٥ گۆرانیی فۆلکلۆریی کە هەر کامیان لە ٢٠ تا ٤٠ ڕستە پێک هاتوون. نیوەرۆکی بەشێکیان "ئیرۆتیکی"یە و ئەوانی دیکە باسی ئازایەتی و پاڵەوانێتییە.

**پاشکۆی بەرگی دووەم**

بریتییە لە دەقەکانی ئەرزەڕووم و تەوریز .

دەقەکانی ئەرزەڕووم: لە کۆتاییی ساڵی ١٨٥٦دا، "ئا. د.ژابا" هەندێک پەندی پێشینیانی تورکی و چەند بەشێک لە هەڵبەستەکانی "ئەسکەندەرنامە"ی نیزامی بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆریای ڕووسیای ناردووە کە مەلا مەحمود بایەزیدی و چەند کەسێکی دیکە وەریان گێڕابووە سەر کورمانجی و بە ئەلفبێی عەرەبی نووسیویانە. لە لاپەڕەکانی ١٢٦-١٣٣دا، لێرخ بەشگەلێکی لەم دوو دەقەی تۆمار کردووە کە بریتین لە:

دەقی یەکەم: وەرگێڕاوی چەند کۆپلەیەکی "ئەسکەندەرنامە"ی نیزامی گەنجەوییە بە سەر دێڕی "خبر زانینا اسکندر ژ آژوتنا اوروس وخراب کرنا بردعی و برنا نوشابە بە یسیری" .

دەقی دووەم: لەژێر سەردێڕی "ترجمە ضرب مثلانە بزمانی کورمانجی" بریتییە لە وەرگێڕاوی ٢٧ پەندی پێشینیانی زمانی تورکی کە بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراوە.

دەقی نێردراو لە تەوریزەوە: دەقێکی زۆر سەرنجڕاکێشە لە لاپەڕەکانی ١٣٤-١٣٩ کە بریتییە لە وەرگێڕاوی "دیباچە" (پێشەکی)ی کتێبی "گوڵستان"ی سەعدی شیرازی لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی. ئەوەش بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراوە و زۆر بەوردی :ژێرۆ"، "سەرۆ"، "بۆرۆ" و "سکون"ی بۆ دانراوە. لێرخ سەبارەت بەم دەق دەڵێت:

"ن.ف. خانیکۆڤ"[٣٢] ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ، زانای کارای ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریا و سەرکۆنسوول لە تەوریز، لە مانگی دیسەمبەری پارساڵ {واتە ١٨٥٦}، هەندێک دەستنووسی بۆ ئەکادیمیا ناردووە کە لەنێو هەندێک هەڵبەستی پارسی[٣٣] و تورکیدا، چەند هەڵبەستی کوردییشی تێدا بوو. بێجگە لەمانە ناوبراو هەروەها لە "ساوج-بوولاخ"، شوێنی سەرەکی هۆزی موکری، هاندەر بووە بۆ وەرگێڕانی کتێبی "گوڵستان" بە زمانی کوردی. "میرزا زەمان"ی کورد، دەقی ئەو وەگێڕراوەی (١٥ لاپەڕەی قەبارە ٨°) داوەتە بەرێز "خانیکۆڤ" و ئەویش (لە مانگی جوولیی ئەم ساڵ {واتە ١٨٥٧}) بە ئەکادیمیای پێشکەش کردووە".

لێرخ سەبارەت بە وەرگێڕی ئەم

دەقە دەڵێت:

"میرزا زەمان، لە سەنەی ئەردەڵان لەدایک بووە؛ گوایە چیتر لە "سابڵاغ" نەماوەتەوە و کاروباری بۆ خۆراسان گواستووەتەوە. وا دیارە نابێت چاوەڕوانی ئەوە ببین بەم زووانە وەرگێڕانی گوڵستان تەواو بێت". لێرخ لە بەرگی دووەمی ئەم بەرهەمەی بە زمانی ئەڵمانیدا دەڵێت: "میرزا زەمان بە بڕیاری حاکمی خۆراسان گەڕاوەتەوە بۆ خۆراسان" (لێرخ ۲، ۱۸۵۹: ۵۲).

سەبارەت بە نیوەرۆکی دەقەکە دەڵێت: "میرزا زەمان هەوڵی داوە تا ئەو رادەیەی ئەلفبێی عەرەبی – فارسی ڕێگەی پێ دەدات، بێژەکردنی وشەکان بەباشی وێنا بکات". لێرخ زۆر بەوردی سەرنجی خستووەتە سەر زاراوەی ئەم دەقە و لە ڕووی زمانەوانییەوە دەگەڵ زاراوەی کورمانجی هەڵی سەنگاندووە، تێبینییەکانی خۆی نووسیوە و بە "زاراوەی سەنەیی" ناودێری کردووە.

پێم وایە ئەم دەقە یەکەم دەقی وەرگێڕراو بێت کە بە زاراوەی کوردیی نیوەندی لە مێژووی وێژەی ئەم زاراوەیەدا تۆمار کرابێت و یەکەم جارە لە کتێبێکدا بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە.[34] بۆیە هیوادارم پسپۆڕانی زمانی کوردی سەرنجی تایبەتی پێ بدەن.

## بەرگی سێیەم (لێرخ، ۱۸۵۸)

بەرگی سێیەم ۱۶۷ لاپەڕەیە بریتییە لە: تێبینی و پێشەکیی نووسەر، فەرهەنگی زاراوەی کوردیی کورمانجی، فەرهەنگی زاراوەی کوردیی زازاکی، دوو فەرهەنگۆکیش بۆ وشەکانی پێشەکیی گوڵستان و زاراوەی "خەردووسی" دەگەڵ دوو پاشکۆ.

### پێشەکی

لێرخ لە پێشەکیدا کە ۳۷ لاپەڕەیە (I تا XXXVII)، سەرچاوەی وشە کوردییەکانی نێو ئەو فەرهەنگانەی ڕیز کردووە کە بریتین لە:

کتێبە چاپکراوەکان، کە ناونیشانی ۱۳ کتێب و نووسەرەکانیتی و زۆر بە وردی باسی نیوەرۆکی هەر کام لەو سەرچاوانەی کردووە و ڕەخنە و تێبینییە زمانەوانییەکانی خۆی نووسیوە.

کتێبە چاپنەکراوەکان و دەستنووسەکان، کە بریتین لە:

١- دەستنووسێکی پرۆفیسۆر "ڤ دیتل" سەبارەت بە هۆزەکان و مێژووی زمانی کوردی کە پاش مەرگی جێی هێشتبوو و سەرنجی سەرەکی خستووەتە سەر زاراوە کوردییەکانی کوردی، لەکی و لۆری. لەم کۆمەڵە دەستنووسەدا چامەیەکی ۱۲۸ دووبەیتی بۆ پەسنی "خودا" و کورتە هەڵبەستێکی ۱۸ دێڕی "مەلا نەجەف"ی تێدایە، دەگەڵ دەستنووسێکی بچووکی ۷۶ ڕووپەلی کە بریتییە لە هەڵبەستێکی

۲۹۸ دێڕی بە سەردێڕی "پادشاهی بی باک"، هەڵبەستێکی ۹۱ دێڕی بە سەردێڕی "نادر خاوتنی"، کورتە هەڵبەستێکی ۷ دێڕیی بە سەردێڕی: "منقبە شفیع"، هەڵبەستێکی ٤۱۰ دێڕی بە سەردێڕی: "یا حق سبحانی اینامە ونام بینامی سبحانی"، کورتە دەستنووسێکی ٥٤ ڕووپەلی کە بریتییە لە شیعری هەڵبەستوانانی جیاواز. لێرخ سەبارەت بەم دەستنووسانە دەڵێت: "بەهۆی نەبوونی کاتی پێویست، ناتوانم لێرەدا باسی زمانی ئەو دەستنووسانە بکەم". بەڵام لە بەرگی دووەمی دەقە ئەڵمانییەکە و لە ٥ لاپەڕەدا لێرخ باسی نێوەرۆکی ئەم دەستنووسانەی کردووە[٣٥].

۲- دەقە کوردییەکانی ئەرزەڕۆم کە بریتییە لە دەستنووسێکی ۱۱۸ ڕووپەلی کە لە زمانەکانی فارسی و تورکییەوە وەرگێڕراون. ڕووپەلی لای چەپی دەستنووسەکە بە فارسی و تورکی و کوردین و "بە خامەی "مەحموود ئەفەندی"[٣٦] ، کوردێکی خەڵکی بایەزید نووسراوە". لە ڕووپەلی لای ڕاستدا، "ژابا" بێژەنووسی دەقەکەی جێبەجێ کردووە. لێرخ لێرەشدا تێبینی و ڕەخنەکانی بە دووروودرێژی نووسیوە.

۳- وەرگێڕراوی دەستپێکی گوڵستانە بە کوردی. لێرخ بەم شێوەیە دیسان باسی ئەم دەقە دەکات:

"وەک دەزانین بە هەوڵی "ن. ف. خانیکۆڤ" ئەو دەقە بەدەستمان گەیشتووە کە لە ناوچەی ئەردەڵان کەسێکی خەڵکی شاری سنە وەری گێڕاوە. ئەم کارە بەناتەواوی ماوەتەوە چونکە حاکمی خۆراسان داوای لە وەرگێڕی دەقەکە، "میرزا زەمان" کردووە بگەڕێتەوە خۆراسان. زاراوەی ئەو دەقە بەتایبەت لە گەردانکردنی کاردا جیاواز لەو زاراوە کوردییانەی کە من دەیانناسم. لە بەرگی دووەم بە زمانی ئاڵمانی لە لاپەڕەکانی ٥۲-٥٦دا وشەکانی ئەو دەقەم شی کردووەتەوە . لە داهاتوو و لە نووسراوەیەکی جیاوازدا کە تەرخانی دەکەم بۆ ڕێزمانی زاراوە کوردییەکان، باسی تایبەتمەندییەکانی ئەم زاراوەیە دەکەم".

٤- دەستنووسێکی دیکە کە "خانیکۆڤ" کۆی کردووەتەوە:

"دەستنووسێکی مامنیوەندییە لە ٦٦ ڕووپەلی قەبارە ۱٦° کە بریتییە لە شیعری فارسی و تورکی، بەڵام هەڵبەستی کوردییشی تێدایە. ئەم دەستنووسەش، "ن.ف. خانیکۆڤ" پێشکەشی بە مۆزەخانەی ئاسیای ئەکادیمیا کردووە و کەسێک بەناوی "احمد کور" ئەحمەد کوڕ، زۆربەی هەڵبەستە کوردییەکانی هۆندووەتەوە. "عبداللە" و "حاکم" نووسەرانی

هەڵبەستەکانی دیکەن. لە زمانی ئەو هەڵبەستانەدا گەلێک وشەی زەقی عەرەبی و فارسی دەبینرێت، تەنیا کردارەکان سەرچاوەی کوردییان هەیە و فۆرمی زۆربەیان هاوشێوەی فۆرمی ئەو زاراوە کورمانجییەن کە لە "ڕۆسلاڤل" دەگەڵیان ئاشنا بووم. لە بەرگی دووەمی کتێبەکەمدا بە زمانی ئاڵمانی (لە لاپەڕەی ٥٦ و دواتردا) دەقی هەڵبەستی عەبدوڵلا بەناوی (کلام عبداللە) گونجێنراوە[٣٧]".

لێرخ بۆ فەرهەنگەکان بێجگە لەم سەرچاوانە، کەلکی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی دیکەش لەبۆ هەڵسەنگاندنی وشە کوردییەکان دەگەڵ زمانەکانی دیکە وەرگرتووە کە بریتین لە ناونیشانی: ١٠ کتێب و وتار سەبارەت بە "زمانی پارسیی کۆن"، ٨ کتێب سەبارەت بە زمانی "ئاڤێستا"، ٢ کتێب سەبارەت بە زمانی "پەهلەوی"، بۆ زمانی "پارسی" و "پارسیی نوێ" ٣ کتێب و وتار، ٩ کتێب بۆ زمانی "ئەفگانی"، بۆ "زاراوەکانی تالشی، مازەنی و گیلەکی" ٦ کتێب و وتار.

لێرخ هەروەها سەبارەت بە سەرچاوەی وشە کوردییەکان دەڵێت: "فەرهەنگەکانی ئەم کتێبە زۆرتر لەسەر بنەمای ئەو دەقانە پێکهاتوون کە لە بەرگی دووەمدا هاتوون. بێجگە لە وانە، ئەو وشانەش کە توانیومە لە "ڕۆسلاڤل" کۆی بکەمەوە، دەگەڵ هەندێک پەیڤی گۆرانیی فۆلکلۆری کە لێم زیاد کردووە".

## قەبارەی فەرهەنگەکان:

لێرخ لە کۆتاییی ئەم بەرگەدا کە بە زمان ڕووسیی نووسیویێتی، تەنیا ئەم فەرهەنگانەی گونجاندووە: فەرهەنگی زاراوەی کورمانجی ٨٤ لاپەڕە، فەرهەنگی زاراوەی زازاکی ٣٣ لاپەڕە.

بەڵام لە بەرگی دووەم بە زمانی ئەڵمانی بێجگە لەم دوو فەرهەنگە، دوو فەرهەنگۆکێکی دیکەی گونجاندووە بۆ وشەکانی دەقە وەرگێڕراوەکەی دیباچەی گوڵستانی سەعدی کە ٢٣ لاپەڕەیە و بۆ زاراوەی "خەردووسی" دوو لاپەڕەیە (لێرخ، ٢، ١٨٥٩: ١٦٦-١٨٨ و ١٨٩-١٩٠).

"لێرخ" لە کتێبەکانی بە زمانی ڕووسی هیچ ئاماژەیەکی بە زاراوەی "خەردووسی" نەکردووە. بەڵام بە زمانی ئەڵمانی لە لاپەڕەی ٧١ و ٧٢دا، دەقێکی بەم زاراوەیە گونجاندووە و دەڵێت: "زاراوەی ئاخافتنی دانیشتوانی ناوچەکانی نێوان دوو گوندی "تەمیشگەزەک" و "گومیش مەدێن"ە. ئەم دەقە لە ڕاسلاڤل بەگوێرەی ڕاوێژی یەکێک لە دانیشتوانی کوردی ئەو گوندانە بەناوی "مستەفا " تۆمار کردووە".

## پاشکۆ

لەو بابەتانەی کە سەبارەت بە سێ کتێبەکەی لێرخ نووسراون، ئاماژە بە دوو وتار دەکەم:

### وتاری یەکەم

وتارێکی ١٤ لاپەڕەیی پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆیە بە ناوی "کارەکانی پ.ئی. لێرخ لە بواری کوردناسیدا" کە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی یەکێتیی سۆڤیەت لە گۆڤاری "کۆوتار سەبارەت بە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، بەرگی چوارەم، مۆسکۆ ١٩٥٩، ل.ل. ٣٩-٥١، بڵاوی کردووەتەوە[٣٨].

قەناتێ کوردۆ پاش کورتەیەک لە ژیاننامەی پیۆتیر لێرخ[٣٩] ، بە کورتی باسی نیوەرۆکی هەموو بەشەکانی هەر سێ بەرگەکەی کردووە و سەبارەت بە دارشتنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان لەسەر بنەمای زمانە ڕۆژاواییەکان، ڕەخنەی لە لێرخ گرتووە و دەڵێت:

"بێگومان ئەم دارشتنە لە کردەوەدا دەگەڵ سیستەمی پێکهاتەیی دەنگەکانی زمانی کوردی ناگونجێت، ئیتر باسی ئەوەش ناکەین کە پێوەرە پەیڕەوکراوەکەی بۆ پۆلێنکردنی دەنگەکان، زانستی نییە. چونکە لە زمانی کوردیدا، پێش هەر شتێک بزوێنە درێژ و کورتەکان، دیاردەیەکی فۆنێمیکی نین، بەڵکوو دیاردەیەکی مۆسیقایین" (قەناتێ کوردۆ، ١٩٥٩: ٤٥).

قەناتێ کۆردۆ بێجگە لەمە، لە ئاماژە بە دوو بەرگە ئەڵمانییەکەی لێرخ، دەڵێت:

"سەرنجراکێش ئەوەیە کە لێرخ ناوی دەقی ئاڵمانی کتێبەکانی خۆی گۆڕیوە و بە جێگەی "کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان"، تەنیا "کلدانییە هاوڕەچەڵەکەکانیان"ی داناوە. ڕەنگە لە کاتی نووسینی دەقە ئاڵمانییەکەدا بەتەواوی وازی لە هاورچەڵەکبوونی "کلدانییە باکوورییەکان" دەگەڵ کورد هێنابێت، هەر بۆیەش بەرگی یەکەمی دەقە ڕووسییەکەی بە ئاڵمانی وەرنەگێڕاوە، چونکە لە بەرگی یەکەمی ڕووسییەکەدا باسی هاوڕەچەڵەکبوونی کورد و کلدانییە "باکوورییەکانی" ورووژاندووە" (قەناتێ کوردۆ، ١٩٥٩: ٤٦، ژێرنووسی ٣٨).

قەناتێ کوردۆ ئاماژەی بە کارە زانستییەکانی دیکەی "پیۆتیر لێرخ"یش کردووە کە لەم وتارەی بەردەستتاندا لە بەشی "سەبارەت بە پیۆتیر ئیڤانۆڤیچ لێرخ"، سوودم لێ وەرگرتووە.

### وتاری دووەم

بریتییە لە وتارێکە خانمی ڕۆژنامەوان "سڤێتلانا کوورتساپۆڤا"یە بە ناوی "کورد لە ڕۆسلاڤل" [٤٠].

"س. کوورتساپۆڤا" لە وتارەکەیدا ئاماژە بە نووسەرێک دەکات بە ناوی "س.س. ڕاکۆچێڤسکی" کە لە کتێبی "ئەزموونی

کۆکردنــەوەی بابەتــە مێژووییەکانــی شــاری ڕۆسلاڤڵ"، بابەتێکــی بە ناوی "دیلــە تورکەکانی کوردســتان" لە زمان ناســیاوێکی دانیشــتووی ئەم شــارە نووســیوە و باســی لەخۆبوردوویی ئەو دیلــە کوردانەی کردووە کــە لە ڕووداوی ئاگرکەوتنە کارەســاتبارەکەی ڕۆسلاڤڵ لە ١٨ی جوولای ســاڵی ١٨٥٥دا، چالاکیان نواندووە. ڕۆژنامەنووســی ناوبراو کورتەیەک لــەم وتارەی نووســیوەتەوە کە باســی کولتوور و هەڵســوکەوتی جوامێرانەی دیلە کوردەکانی کراوە.

بۆ نموونە لە زمانی ناسیاوەکەی دەڵێت:

"... زۆر جار دیلــەکان بە کەلکوەرگرتن لــە ئازادییەکی تــەواو کــە هەیانبوو، دەچوونــە نێــو کێڵگەکــەی دەرەوە و بەنێــو چۆڵەوانییەکانــدا تــا درەنگانی ئێوارە دەســووڕانەوە... هــەر جارێکیش بــە چەپکــە گوڵــەوە لەم پیاســانە دەگەڕانــەوە. ســەرنجڕاکێش ئەوە بووە کــە هەرگیز هیــچ کام لــەم چەپکە گوڵانە فــرە ڕەنگ نەبــوون، هەر کام لە کــوردەکان تەنیا یــەک جۆر گوڵیان کۆ کردووەتــەوە و لە ســەر داریکیان دەبەســت و زۆر بەپارێزەوە هێناویانەتەوە ماڵ. ئەم هەڵســوکەوتەی کە کوردەکان دەگــەڵ گــوڵ هەیانە، لەنێــو گەلانی باکووریــدا زۆر دەگمــەن دەبینرێت".

یــان ســەبارەت بــە کارەســاتی ئاگرکەوتنەوەکــەی شــاری "ڕسلاڤل"، ناســیاوەکە گێڕاویەتییــەوە کە:

"... گەرمــای نائاســاییی پێــش ئاگرکەوتنەکە و زریانــە کتوپڕەکەی کاتی ئاگرکەوتنەکــە، ئەوەنــدە خێــرا بووە کە هیــچ هێزێکی مرۆیی توانای پێشــگرتنی نەبــووە و لــە ماویە چەنــد خولەکێکدا هەرچی لە ڕێڕەوی ئاگــرەدا هەبووە، بووەتە خۆڵەمێــش و نابــوود بووە. لەم ســات و وەختە ترســناکەدا، کوردەکان چاونەترسانە، لێزانانە و خۆنەویســتانە کارستانیان پیشان داوە و بەوپــەڕی خێرایەوە وە ســەر بانی خانــووەکان کەوتوون و بە پەتــووی تەڕ و هەرچی لەبەر دەســتیان بووە، ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە و بەم شــێوەیە لە ڕزگارکردنی گەلێک لە خانووبەرەکانی شــاردا بەشــدار بوون. کاتێــک ئاگر گەیشــتە قووبەکانی کڵێســای شــار، کوردەکان بۆ ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکانی کڵێســا، پێڵاو و جامانەکانیان فــڕێ داوە و زۆر بەڕێــزەوە چوونەتــە نێو کڵێســا و ئایکۆن و وێنەکانی نێو کڵێسایان بۆ شــوێنی ســەلامەت گواســتووەتەوە. پەرۆشی و نەترســی کوردەکان، کاریگەریی قووڵی لەسەر گشــت هاووڵاتیان دانابوو و هەموویان دڵسۆزانەترین پێزانین و ڕێزیان بۆ ڕەوشــت بەرزیی ئەو مرۆڤانە و بۆ خزمەتی خۆنەویســتانەیان دەربڕیبوو، تەنانەت ئەگەر دوژمنیش بووبن.

ڕۆژنامەنــووس "س. کووتســاپۆڤا" دەڵێت: "پاش بڵاوبوونــەوەی ئەم وتارە، ئەکادیمیای زانســتی رووســیا یەکێک لە باشــترین ڕۆژهەڵاتناســانی ڕووسیا، واتــە "پیۆتێر لێرخ"ی بــۆ کۆڵینەوە لە زمانی کــوردی و مێــژووی هۆزەکانی کــورد ڕەوانــەی شــاری "ڕۆسلاڤل"

کردووە".

## پەراوێزەکان:

1- LERCH'İN ZAZAKİ DERLEMELERİNİN ÇEVRİMYAZIMI VE TÜRLERİNE GÖRE SÖZCÜKLERİN TAHLİLİ.

2- Xebatê Peter J. A. Lerch Derheqî Kurdolojî de.

٣ -لێرخ دیاریی نەکردووە بۆ چی وازی لە ئێرانیبوونی کوردەکان و هەورەچەڵەکیان دەگەڵ کلدانییەکان هێنابێت.

٤ - لە نووسراوەکانی رووسیادا، دەوڵەتی عوسمانی بە تورکیا ئاماژەی پێکراوە.

٥ - کۆنترین کتێبخانە و بنکەی چاپەمەنی ئایینی پرۆتستانەکانی ئەمریکایە کە لە ساڵی ١٨٤٣ دامەزراوە و تاکوو ئێستاش بەردەوامە.

6- Francis Rawdon Chesney (1789-1872)

ژێنراڵی بەریتانیایی لە میسر و ئاسیای بچووک، بۆ سوپای بەریتانیادا خزمەتی کردووە و سێ گەشتنامەی هەیە.

٧ - رەنگە "ئەنگووران" راست بێت کە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئێستا گوندێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە رۆژهەڵاتی شاری "تیکاب" (بە کوردی تیکاو) هەڵکەوتووە، بەڵام خراوەتە سەر پارێزگای "زەنجان".

8- Étienne Marc Quatremère (1782-1857)

رۆژهەڵاتناسی فرانسایی زانایەکی بەناوبانگی ئەم سەردەمەیە لە زمانە رۆژهەڵاتی و رۆژاواییەکان؛ گەلێک وەرگێڕان و توێژینەوەی لەسەر مێژووی رۆژهەڵات هەیە. لەوانە وەرگێڕانی "جامع التواریخ".

9- Johann David Michaelis (1717- 1791)

ئایینناس و رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لە سەردەمی رۆشنگەری ئەورووپادا، یەکێک لە پێشەنگەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی بووە.

10- August Ludwig von Schlözer (1735-1809)

مێژوونووس، مافناس، نووسەر، زمانناسی ئەڵمانی ئەندامی زۆربەی ئەکادیمیاکانی ئەورووپا.

11- Emil Rödiger (1801-1874)

رۆژهەڵاتناس ئەڵمانی، زمانناسی زمانە سامییەکان. وەرگێڕی پەیڤەکانی "لوقمانی حەکیم" بە زمانی لاتینی.

12- August Friedrich Pott (1802-1887)

زمانەوان و زمانناسی ئەڵمانی، لە زانکۆی "گۆیتینگێن" مامۆستای زمان، فەلسەفە و مێژوو بووە.

١٣ - لێرخ لە بەرگی دووەمدا شیکاری زمانەوانی بۆ ئەم چامەیەی کردووە.

14-Вильям Францович Диттель

(1816 – 1848)

"ڤ.ف. دیتل" رۆژهەڵاتناس و مامۆستای زانکۆی سان پیتربورگ بووە دەگەڵ "ئیلیا بێریزین" سێ ساڵ گەشتی زانستییان بۆ ناوچەکانی ئاسیای نێوەندی و ئێران و کوردستان کردووە.

١٥ - خەچەتوور ئابۆڤیان (١٨٠٩- ١٨٤٨ بێ سەر و شوێن بووە) نووسەر، مامۆستا، زمانەوان و داهێنەری وێژەی نوێی ئەرمەنی، خاوەن کتێبی "کوردەکان، ئێزدییەکان، ١٨٤٦.

16- Horatio Southgate (1812-1895)

بانگخواز و گەشتیاری ئەمریکایی سەر بە کڵێسای "ئەپیسکۆپاڵ. لە دوو بەرگدا یادەوەرییەکانی گەشتەکەی بەناوی "گێڕانەوەی گەشتێک بەناو ئەرمینیا، کوردستان، پارس و میزۆپۆتامیا" نووسیوە.

١٧ - لێرخ لە بەرگی دووەمدا، سەبارەت بە ئایینی "چراخ-سۆندەران" زانیاری زۆرتری تۆمار کردووە کە لە بەشی بەرگی دووەمدا ئاماژەی پێ دەکرێت.

١٨ - "عەشـــتەرۆت" یان "ئەشـــتارۆت" خودا ژنـــی جوانی و ئافراندن لـــەلای فینیکییەکان و "ئیشتار"ی بابلییەکانە.

١٩ - "گریگۆریـــۆس ئەبولفـــەرەج مەلەتـــی"، ناســـراو بە "ئیبنی عیبری"، بـــە لاتینی "-Bar Hebraeus"بـــە ســـریانی "بار عبریـــو"، ڕێبەری ئایینی مەســـیحییە یەعقووبییەکان، لەدایکبووی ســـاڵی ١٢٢۶ لـــە نزیک مەلاتییـــە (مەلەتی)، کۆچکـــردووە لـــە ســـاڵی ١٢٨۶ لـــە مەراغە. دوایین کەســـێک بووە کە بە زمانی ســـریانی نووســـراوەی لێ بەجێ ماوە. کتێبـــی مێژوو لە ئادەم تاکوو ســـەردەمی خۆی نووســـیوە.

٢٠ - تەریقەتی عەلەوی لە ســـەدەی سێیەمی کۆچیدا دەرکـــەوت، ئەم مەزهەبـــە بە یەکێک لـــە توندڕەوەکانی شـــیعە دادەنرێـــت، کە لە عەلـــی بن ئەبـــی تالیبیان پـــێ خودایە. ناوی یەکەمیـــان "نوســـەیرییە" بـــووە، دواتـــر بۆ خۆدزینەوە لە خەڵک و داپۆشـــینی حەقیقەتی عەقیدەکەیـــان پێیان گوتـــراوە "عەلەوییەکان". دامەزرێنـــەری ئـــەم تەریقەتـــە محمـــد بن نوســـەیر بەســـری النومەیری بووە (کۆچیدوایی لـــە ســـاڵی ٢٧٠ی کۆچـــی) کە بانگـــەوازی پێغەمبەریەتـــی و پەیامەکـــەی دەکرد.

21-Clement Augustus de Bode (1806-1887)

خـــاوەن کتێبی "گەشـــتنامەی لوڕســـتان و خووزســـتان". لـــە زانکۆی لەنـــدەن مێژووی خوێنـــدووە و وەک دیپلۆمات لـــە باڵوێزخانەی ئیمپراتۆریـــای ڕووســـیا لە تـــاران خزمەتی کردووە. نووســـراوەی بەردەنووسێکی سەردەمی ســـەلجووقییەکان کە بـــە ئەلفبێـــی کووفی بـــووە، نووســـیوەتەوە. ئەم بەڵگـــە مێژووییە گرنگـــە، چونکە دواتر بە ڕێنووســـی فارســـی شێوێنراوە.

22- George Percy Badger (1815-1888)

بانگخـــواز و ڕۆژهەڵاتناســـی بەریتانیایـــی، بە توێژەری بـــاوەڕ و ئایینی کڵێســـای ڕۆژهەڵاتی ناسراوە.

٢٣ - باســـی بارودۆخی ژیانی کوردەکانی لەژێر دەســـەڵاتی ئیمپراتۆریای ڕووسیای نەکردووە.

٢۴ - بەســـرە لـــە ســـەردەمی عوســـمانیدا هەمیشە ولایەتێکی ســـەربەخۆ بووە و لە ڕووی کارگێڕییـــەوە قەت ســـەر بە بەغـــدا نەبووە.

٢٥ - "ئێستا بووەتە بۆزگات.

٢۶ - ئێستا کەوتووەتە کۆماری گورجستان.

٢٧ - لە نزیک شاری تاران.

28- Albrecht Bernhard Dorn (1805-1881)

مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناســـی ئەڵمانی، ڕووس، پســـپۆڕی زمانە ســـامییەکان. چەند چیرۆکی گوڵســـتانی ســـەعدی کردووە بە ئەڵمانی.

٢٩ - وا دیـــارە لێـــرخ ئـــاگای لـــەم کتێبە نەبووە بۆیە نیشـــانەی پرســـیاری بـــۆ داناوە. مەبەســـتی کتێبـــی "علـــم الحال"ـــە کە لە سەدەی ســـێیەمی کۆچیدا لەســـەر بیروباوەڕی ســـۆفیگەری نووســـراوە، بەڵام نووســـەرەکەی دیـــار نییە.

30- Hartwig Ludwig Christian Bacmeister (1730-1806)

مێژوونـــووس، جوگرافیـــازان و زمانەوانـــی ئەڵمانـــی- ڕووس. بـــۆ یەکەم جـــار هەندێک ڕســـتەی پێوەری بـــۆ کۆڵینەوە لـــە زمانەکان دارشـــت، بەپێچەوانەی شـــێوازی پێشتر کە بە کۆکردنەوەی تەنیا وشـــەکانی زمـــان، هەوڵیان دەدات زمانەکە شـــی بکەنەوە. "بەکمایســـتر" ١٠٠ ڕســـتەی پێوەری بـــۆ توێژینەوەی هەموو زمانەکانی جیهـــان، بەتایبەت بـــۆ زمانەکانی ئاسیایی ڕێک خســـتبوو؛ زۆربەیان هێشتا بڵاو نەکراونەوە.

٣١ - بەداخـــەوە گـــەران بەدوای ئـــەم ناوە و دەقەکانی بێســـوود بوون.

٣٢ - نیکـــۆلای ڤلادیمیرۆڤیچ خانیکۆف (١٨٢٢-

(١٨٧٨) دیپلۆمات، ڕۆژهەڵاتناس، جوگرافیازانی ڕووس. ساڵی ١٨٥٣ سەرکۆنسوولی ڕووسیا لە تەوریز بووە. کتێبێکی هەیە بەناوی "گەشتێک بۆ کوردستانی پارس" نەخشەیەکی ئازەربایجانی کێشاوەتەوە کە گەلێک سەرنجڕاکێشە.

٣٣ - لێرخ لە دەقە ئەڵمانیایەکەیدا دەڵێت: "دەستنووسە فارسییەکان بریتین لە هەڵبەستەکانی "حافز"، "سەعدی" و "جامی".

٣٤ - لە کاتی تەواوکردنی ئەم وتارەدا، نووسەر ئاگادار بووەوە کە بەڕێز عەبدوڵڵا سەمەدی، نووسەر و توێژەری دەستنووس و بەڵگەنامە، ویرای بڵاوکردنەوەی دەقە ڕەسەنەکە و نووسینەوەی بە ئەلفبێی هەنوکەیی زاراوەی کوردی نێوەندی، شیکارێکی وردی بۆ کردووە.

٣٥ - نووسەری ئەم وتارە هەموو بابەتە زیادکراوەکانی لێرخی لە دوو بەرگە ئەڵمانییەکەدا وەک پاشکۆ لە دەقی وەرگێڕاوی هەر سێ بەرگە ڕووسییەکە بە زاراوەی کوردی نێوەندی، گونجاندووە.

٣٦ - "مەلا مەحموود بایەزیدی هەندێک هەڵبەستی خۆی، یان کۆپییەکانی و وەرگێڕانەکانی، نە بەناوی خۆی، بەڵکوو بە نازناوی "فەقیر مەحموود ئەفەندی"، یان "حاجی مەحموود ئەفەندی"یەوە نووسیوەتەوە. بەگوێرەی "م.ب. ڕۆدینکۆ"، مەلا مەحموود بایەزیدی ئەو کارەی لەبەر ئەوە کردووە کە "نەکەوێتە بەر تانە و تەوسی پیاوانی ئایینیی موسڵمان کە بێگومان بەوە تاوانبار دەکرا کە موسڵمانێک بەفەرمانی ناموسڵمانێک، هەڵبەست و نووسراوەی بۆ وەرگێڕاوە و یان بۆی نووسیوە".

٣٧ - لێرخ لەم لاپەڕانەدا هەڵبەستێکی ٥٠ دێری "کلام عبدللا"ی گونجاندووە و شی کردووەتەوە و دەڵێت ئەم هەڵبەستە: "زۆرترین توخمی زمانی کوردی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە لێرەدا باسی دەکەم، چونکە ویدەچێت وشەکانی زۆر ڕەسەن بن. ئەم عەبدوڵڵایە وەک لە دێری ٢٣ی هەڵبەستەکەی دەردەکەوێت، کوردێکی خەڵکی ئەرزەڕۆم و یان دەوروبەری ئەم شارە بووە".

٣٨ - قەناتی کوردۆ وەک "ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد" پاش فێربوونی زاراوەی کوردی نێوەندی (سۆرانی)، هەمان وتاری بە ئەلفبێی لاتینی کردووە بە کوردی و "ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ، مامۆستا شکور مستەفا شێوەی نووسینی ئەم وتارەی لە لاتینییەوە گۆڕیوە" و لە لاپەڕەکانی ٦٢٤-٦٦٣ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاو بووەتەوە.

٣٩ - لە بەشی "سەبارەت بە پیۆتر ئیڤانۆڤیچ لێرخ"ی ئەم وتارەدا، کەلک لەم ژیاننامەیە وەرگیراوە.

٤٠ - ڕۆژنامەی "ڕاسلەڤسکایا پراڤدا" کە لە شاری "ڕۆسلاڤل" دەردەچێت بە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٠٤/٢٣ بڵاوی کردووەتەوە.

سەرچاوەکان

بە زمانی ئەڵمانی

(لێرخ ١، ١٨٥٧) Lerch Peter. (I, 1857) Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nord-chaldäer (St. Petersburg)

(لێرخ ٢، ١٨٥٨) Lerch Peter. (II, 1858) Forschungen über die Kurden und die Iranischen Nord-chaldäer (St. Petersburg)

بە زمانی ڕووسی

(قەناتێ کوردۆ، ١٩٥٩) Курдоев К.К. (1959) Труды П.И. Лерха по курдоведению (к вопросу изучения истории курдов в России). Очерки по истории

русского востоковедения. сборник IV, Москва.

(لێرخ ١، ١٨٥٦)Лерх П. (I, 1856) Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, (СПб.)

(لێرخ ٢، ١٨٥٧)Лерх П. (II, 1857) Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, (СПб. )

(لێرخ ٣، ١٨٥٨)Лерх П. (III, 1858) Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, (СПб)

به زمانی کوردی

کوردستان و کورد (٢٠٢١). وتاری: ئا.د. ژابا و کوردناسی، ژ.س. مووسائیلیان. و: مەنسوور سدقی. چاپی یەکەم هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٤). بەرگی دووەم، بەشی یەکەم. بەغدا.

عەبدوڵا سەمەدی هاوینی ١٣٩٧ (٢٠١٨). وەرگێراوی بەشێک لە دێباچەی گوڵستانی سەعدی لە ئەرشیف و لێکۆڵینەوەکانی پیتر لێرخدا"، گۆڤاری "کەشکۆڵ" ٢ (١٠) مەهاباد.

**********

سەرچاوەی پەراوێزەکان

(٥) ماڵپەری کتێبخانەکە: https://www.dts.edu/media-publications/bibliotheca-sacra/

(٨) https://www.deutsche-biographie.de/sfz١٣٧٨٥٠.html

(٩) www.deutsche-biographie.de/sfz٦٣٠٧٧.html

(١٠) https://www.deutsche-biographie.de/sfz٧٨٥٤٥.html

(١١) www.deutsche-biographie.de/sfz٧٦٧٦٢.html

(١٢) www.deutsche-biographie.de/sfz٩٧٠٣٠.html#ndbcontent

(١٦) https://www.episcopalchurch.org/glossary/southgate-horatio

(١٩) https://www.britannica.com/biography/Bar-Hebraeus

(٢٠) https://islamqa.info/ar/answers/١٠٩٢٦٤/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٧%D٨%A٧%D٩%٨٩%D٩%٨١%D٨%A٩%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٦%D٨%B٥%D٩%٨A%D٨%B١%D٩%٨A%D٨%A٩%D٨%A٧%D٩%٨٨%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٩%٨٤%D٩%٨٨%D٩%٨A%D٨%A٩

(٢١) https://iranologists.org/baron-clement-a/

(٢٢) https://www.goodreads.com/author/show/٤٦٩٠٦٩.George_Percy_Badger

(٢٩) https://ru.wikisource.org/wiki/%D٠%AD%D٠%A١%D٠%٩١%D٠%٩٥/%D٠%٩١%D٠%B٠%D٠%BA%D٠%BC%D٠%B٥%D٠%B٩%D١%٨١%D١%٨٢%D٠%B٥%D١%٨٠,_%D٠%٩B%D٠%BE%D٠%B٣%D٠%B٨%D٠%BD_%D٠%٩٨%D٠%B٢%D٠%B٠%D٠%

(٣٢) لێرخ ٢، ١٨٥٨: ٥٦، ژێرنووسی ٢٦.

(٣٣) عەبدوڵا سەمەدی ١٣٩٧ (٢٠١٨): ٥٢-

.۷۴

(۳۴) کوردستان و کورد، ۲۰۲۱: ۴۰۳.

(۳۶) (گۆڤـــاری کۆڕی زانیاری کــــورد، ۱۹۷۴: ۶۲۴).

(۳۷) https://ropravda.ru/۲۰۲۱/۰۴/۷۱۹۹/


## Abstract

In the mid-۱۹th century, the Academy of Sciences of the Russian Empire paid special attention to the study of the history, ethnography, language and literature of the Kurdish people. Thanks to the researches of such specialists in Kurdish and Iranian studies as V. Sharmo, A. Velyaminov-Zernov, A. Zhaba, V. Yusti, A. Satsin and Pyotr Lerch, Kurdish studies became part of Iranian studies during the ۱۹th century and began to develop independently later. As a member of the Russian Imperial Academy of Sciences, Lerch focused in the mid-۱۹th century on the study of the Kurdish language and its history and devoted three years of his time to collecting comprehensive materials related to this field. The Academy published part of this study in ۱۸۵۶ in the first volume entitled "Studies of the Iranian Kurds and Their Northern Chaldeans of Co-Origin". In the same year, on the recommendation of the head of the academy, Pyotr Lerch visited Roslavl to study the Kurdish language closely with a number of Kurdish prisoners who were held there and who were captured during the Crimean War between Russia and the Ottoman Empire. As a result, Lerch collected a number of words and phrases with studies on the Kurdish language and devoted the following two volumes of his research exclusively to the Kurdish language. Lerch combined the three volumes (۴۵۰ pages) into two volumes (۳۸۰ pages) and translated them into German, which were published by the Russian Academy in the same year.

The author of this introductory study translated the three Russian volumes into Middle Kurdish by comparing them with the two German volumes and included the additions to the German text as an appendix to the translated book. It has not yet been published; therefore, the aim of this article is to introduce the content of this pioneering work by Pyotr Lerch, which I hope will see the light in the near future.

In this research, I have tried to highlight the book, its author and Lerch's important views on the social situation, language and history of Kurds.